Bavê Seyranê kek Elî dibêje: Baştirîn riya parastina zarokan ji karên xerab û nebaş SPOR e. Hem ji bo laşê wan hem jî ji bo perwerdekirina wan spor pêwîst e.

Seyranê ta niha 142 medalya wergirtine û piştî bidestxistina medalya zêr a SUMSIM:ê xwe amade dike ji bo şampiyoniya bakûrê Ewrûpayê, Nordisk Mästerskapet.

Seyranê medalya xwe ya zêrîn ku bihayê wê 8.500 kronên swêdî ye pêşkêşî hikûmeta herêmî ya Kurdistanê kir. Em hêvîdar in ku keça kurd Seyran serkevtinên mestir bi dest bixe.

❧

**Mehmûd Mirgewerî**

## Du heval

Du heval di nav daristanekê de digeriyan. Hirçekê êriş anî ser wan. Yek ji wan revî, çû ser darekê xwe veşart, yê din li wir ma. Ma rebenî dê çi bikira? Tenê karê ku ji destê wî dihat ew bû ku xwe li ser zikî bavêje erdê û xwe li mirinê bide. Dema ku hirç nêzikî wî bû limûzê xwe bir aliyê wî û bêhn kir. Hirçê wisa zanîbû ku zelam miriye. Ji ber hindê dûr ket û çû. Gava ku hirç li ber çavan bezir bû, hevalê ku çûbû ser darê hate xwar û bi pêkenîn got:

- Ka bibêje min, hirçê çi gote te?
- Hirçê gote min ku ez tucaran bi kesekî ku di tengaviyan de min bi tenê bihêle û bireve, hevaltiyê nekim.

❧

**TOLSTOY**

*Wergerandina ji farsî: Mehmûd Mirgewerî*



www.arsivakurd.org



● **DAWET** Li Israîlê jî bit dawet bê zurne nabit.

# Kurdên Israîlê



● **DANKUT** Girara keşke zor xweş e.

Di sala 1951:ê de Îran û Iraq li hev hatin ku kurdên cihû bi zorî ji başûr û rojhilatê welatî derêxin, li Bexdayê kom bikin û bişînine Israîlê. Piraniya wan nedixwastin ku Kurdistanê terk bikin. Îran û Iraqê 25 000 kes li ordîgeha Bexdadê kom kirin. Beşik mezin ji wan jî bûne misilman û li ser cih û warê xwe man. Dema ku ew kurd giheştine Israîlê, li wê derê ne mal ne xanî û ne pere û xwarin hebû. Dewleta Israîlê nû bû . Qismek din ji kurdên cihû di sala 1961:ê de di dema Ebdul-Kerîm Qasim de, piştî li hev hatina Israîl û Iraqê çûn Israîlê. Piştî salên 1961-1974:an kurdên cihû ji bakûr ê welat û başûrê biçûk hatin derxistin û dûr kirin.

Îro hejmara kurdên Israîlê digihe pitir ji 100 000 kesî. Bajarekî biçûk û 35 gundên wan hene. Îşbol, Rewaha, Menûha, Acûr, Zekerya, Betîş navên çend gundên wan in. Kestel(Meoz Tsîyon) jî navê bajarê wan e, ku nêzîkî 10 000 kes lê dijîn.Piraniya wan Zaxoyî, Duhokî û Sendorî ne. 20%-30% ji kurdên Israîlê Zaxoyî ne. Wan roleke mezin di jiyana folkolorî de leystine. Piraniya wan cotyar in, ji lewre wan çanda xwe ya devkî bi zimanê kurdî û aramît parastiye. Kurdên Israîlê bi kevneşopê xwe gelek serbilindin. Ew bi serbilindî dibêjin "Ez kurd im".Nifşa nûh baş bi kurdî nizanin ,lê kesên serî 40,ê hemî bi kurdî dizanin. Ew du mihricanên mezin ji xwe re berhev dikin, li pahîzê "sehran" û li biharê"newroz". Zêdetir ji 50 000 kesan beşdarî ahenga sehranê dibin. Ew li çoleke fireh kom dibin û ji xwe re dixwin, vedixwin, distirên, govendê digrin û hwd.

Stranek zarokan:

*Heçî bêjît çend civan e*
*Ez û ew destbiran e*
*Mîna takê rihan e*
*Xwedê tu ji bîr bike*
*Êş û jana dwîr bike*
*Dest û piya stwîr bike*
*Xwedê barî teala*
*Da biçîne nav hevala*

• Ji devê binemala ŞEMÛN LÊWÎ, gundê Mirêba- Şêxan. Ew niha li bajarê Kiryat Melaxî dijîn.

**Beşîr Botanî**
*Amadekar & Wênekêş*

# Yekîtiya jinên Kurdistanê li Swêdê



## Xuşkên hêja

Em hemû baş dizanin ku jiyana penaberiyê pir dijwar e. Problemên malbatî roj bi roj zêde dibin. Jinên kurdên penaber, dûrî jiyana civatî dimînin.
Îro dijmnên gelê me li her çar parçeyên Kurdistanê şerekî dijwar dijî gelê me dimeşînin. Gelê kurd tê qirkirin. Jinên kurd tên windakirin.

## Xuşkno

Bi hev re emê baştir û bêtir karibin piştgiriya welatê xwe bikin.
Emê bi hev re bêtir bikaribin li ser pirsên jinan û zarokan bixebitin û problemên xwe çareser bikin.
Ji bo jiyanek xweş û azad.
Ji bo rizgariya jinên Kurdistanê werin em destê xwe bidin hev û dengê xwe bilind bikin.
Xebata yekîtiya jinên Kurdistanê bi pêşniyar û rexneyên we dê bihêztir û xurttir be.
Werin bibin endamê Yekîtiya jinên Kurdistanê li Swêdê.
Bi beşdariya we emê kêfxweş bibin.
Bi hev re emê xurtir bin.

Bi slavên dostanîyê

**Komîteya çapemeniyê**

## Nameyên xwendevanan

Me di beşa kurmancî de ji bo cara yêkem nameyên xwendevanan girtin û helbet em bi vê yekê gelek kêfxweş bûn. Di hejmarên berê de intereseya xwendevanên beşa kurmancî li gorî beşa soranî pir kêm bû. Başe bê gotin ku her car bi dehan name ji bo beşa soranî digihin destê me. Em hêvî dikin ku hun dê bi nameyên xwe û bi nivîs, rexne û pêşniyarên xwe kovara xwe rengîntir û zengîntir bikin. Em li benda nameyên we ne. Me çend nivîsên xwendevanan çap kirine û her wisa sipasê wan hevalan dikin ku me nekariye di vî hejmarê de nivîsên wan biweşînin. Nivîsên çap nebûyî ev in:

1- Seyran Duran û Şukran Baksî
2- Şermîn Nezan
3- Kamîl Demîr

DÎDARÊ

bi name
û
nivîsarên xwe
dewlemend bikin

www.arsivakurd.org

## Qisên mezin

Berî hindê ku ji hevalên xwe pereyan deyn bikî, baş bifikire ka kîjan ji bo te girîngtir e, pere yan hevalên te.

Eger ji kesekî digerî ku henek û tiraneyên xwe pê bikî, temaşeyî neynikê(ayînê) bike.

Eger heval û hogirên te bi eyb û neqs bin, ew sûcê te ye ku te hevalên wisa hene.

Ji bo rexnegirtinê hindî serê derziyê qabiliyet , lê pûtekî rû pêwîste.

Eger tu nikarî bibî stêr, ji kerema xwe nebe ewr.

Kesên nexweş dibêjin em hunermend in.

Ker wisa dizane ku makera wî horî ye.

## Kurê kerê

Kur: Bavo ez kurê kê me?
Bav: Kurê min
Kur: Baş e, çima diya min her roj ji min re dibêje: "Kurê kerê!

## Ku bav qebûl neke

Mamosteya jin ji telebeyekî xwe diqehire û bi hêrs jê re dibêje:
-Axxx, xwezîka ez du rojan dayika te bûma, min zanîbû minê tu çawa terbiye bikira!
Telebe: Baş e, lê ku bavê min te qebûl neke?

**Mehmûd Lewendî**

## Keçên kurd naxwazin bizewicin

Kero: Ezê herim Kurdistanê ji xwe re jinekê bînim.
Heso: Tu çima bi keçeke kurd re li vir nazewicî, tijî vêdê keçên kurd in.
Kero: Keçên kurd li Swêdê naxwazin bizewicin.
Heso: Tu çawan dizanî?
Kero: Min ji xwe re gote hemiyan, yeko yeko gotin ez naxwazim bizewicim!


**Fîlma karton bi zimanê kurdî**

# GA Û KÛSÎ

*Bi kurmancî û soranî li ser du kasetên cihê*

Xwedî Y.C.K. li Swêdê

Ev fîlm bi alîkariya du hunermendên bi navûdeng ên kurd
Barzan Şaswar û Nasir Sîna hatiye duble kirin bo zimanê kurdî

**Adresa xwestinê:**
**Kurdiska Ungdomsförbundet**
**Box 490 82**
**100 28 Stockholm**
**SWEDEN**
**Tel:08- 6528585**


www.arsivakurdi.org

# FÎLM

## Andarnas hus ( Mala ji me çêtiran)

Ev fîlma li ser urfûadetên Amerîka Latîn e, bi şîn û şahî, kîn û evînê ve hatiye xemilandin. Artîstên vî filmî ji nav hunermendên herî pupuler hatine hilbijartin.

Esteban Trueba zelamekî pir zalim û gelek zengîn e, xwedanê çiftlikekê ye. Ew bi Clarayê re, ku ecêb û xwedî zaniyariyeke ji derveyî qudreta însanan e, dizewice. Clara dizane û hest dike ku dê pêşerojê de çi biqewime, ew bi alîkariya peywendiyên canê xwe bi meçêtiran re pêşbîniya qewmandina dike. Fîlm serpêhatiya jiyana sê nifşan ji sala 1920 ta cunta eskeriya Şîlê ya sala 1973 vedigêre.

Esteban xweşka xwe Ferula ji mala xwe derdixe.

Blanca keça Esteban, li dijî bavê xwe peywendiyê digel şoreşgêr Pedro girê dide... Ez dibêjim ku tu poşman nabî eger vî filmî bibînî. Filmeke gelek xweş e.

**Leystikvan:**

| | |
|---|---|
| Jeremy Irons | Esteba Treuba |
| Meryl Streep | Clara |
| Glenn Close | Ferula |
| Winona Ryder | Blanca |
| Antonio Banderas | Pedro |

Manus: Bille August ji romana Isabell Allendes
Rejîsor: Bille August
Weşandin: Warner Bros

**Kwêstan Amêdî**



**Clara û Esteban** Wêneyek ji filîmê Mala ji me çêtiran

# Projeya Zaxo - Sulaymanî

Ev projeye di pileya yekem de dixwaze ku alîkariya zarokên bê dêûbav û handîkap li herêma Sulaymaniyê bide.

Di destpêka biharê de emê du zarokxaneyan ava bikin. Li gor planên me 100 kes ji wan zarokane dê bibne xudiyê jiyaneke baş. Em her wisa dê giraniyê bidin xwandina wan zarokan. Gelek girînge ku ew bikarin bixunin û binivîsin û belki jî di pêşerojê de bibin xudiyê xwendineke meslekî. Karmend û mamosteyên van dê li Kurdistanê bên îstixdam kirin û meaş li gor standardên vê derê bin. Em dê hewil bidin ku projektê berfireh bikin û hind zarokxaneyên din ava bikin û her wisa alîkariya wan aîleyan bikin ku zarokên xizman xwedî dikin.

Em dê karê peyda kirina dêûbavan ji bo zarokên bêkes jî rêbixin. Ger tu dixwazî tenê bi mehê 10-50 kronê swêdî zarokek bêkes li Kurdistanê xwedî bikî û jê re bibî xwedî ji kerema xwe bi me re kontaktê deynê.

**Elsemarie Glantz**
**Tel: 0248-81154**

**Josef Erdem**
**Tel: 08-324226**

**Postgiro: 6270881-3**

www.arsivakurd.org

# Kilamek ji bo Beko

Beko ji Bakûrê Kurdistanê li dûv birayê xwe diçe başûrê Kurdistanê. Li wê derê jî ew dibîne ku çarenûsa kurdan eynî ye, yanî derbiderî û perîşanî. Derhînerê(rejîsor) fîlmê, Nîzamettîn Ariç, dibêje: Min ev fîlme çê kiriye da ku xelkên dinyayê rewşa me kurdan baştir bizanin.

Cihê çê kirina fîlmê Ermenistan e û siruşt û xwezayê wê derê Kurdistanê tîne bîra mirov. Zimanê fîlmê kurdiyeke zelal û bedev e, mûzîka fîlmê jî hemî kurdî ye. *Kilamek ji bo Beko* dê çend roj berî newrozê, yanî 18-03-94-ê li Folkets Bîo li bajarê Stockholmê bête ser perdeya sînemayê.



**Neşmîl Aram**


# Zarokên ENFALAN ji bîr nekin!

**200 000 zarokên bê bav**

**4 750 zarokên bê dêûbav**

**85 000 jinên bê mêr**

**380 000 aware**

Alîkariya we, kesên dilovan ji bo kesûkarên enfaaalan û qurbaniyên şerê rizgariyê wezîfeyekî welatparêziye.

Komîteya piştgîrî ji avareyên Germiyanê li Kurdistana başûr vê wezîffeyê bi cih tîne.

Hun dikarin bi vasîteya vê komîteyê alîkariyên xwe bigihînin wan.

Postgiro - 60412-4
S-F-K-F Germiyan î södra kurdistan
Box 49
129 21 Hägersten
SWEDEN

# Gula min

Gula min werya li dinê
gula min werya bi tinê .

Min nezanî min nezanî
rojê çend destên çinê.

Bihinêt gula çend yêt xoş in
bes gula min bihin nîne.

Min destê xo dirêj kirê
ew bo çî bo min şermîn e.

Gula min werya gulê
gula min werya bi tinê.

Min nezanî min nezanî
rojê çend destên çinê.

Evê gulê belig werandin
evê canê belig werandin.

Dil li aşiqa birandin
cerg û dil wan li xo kirandin.

Behira bîra da, behira bîra
da nivandin

Stranek ji
*Tehsîn Teha*

# Xala reş

Dîsan ji nû eşqa berê, pur enderûnim ateş e
Zulfa muzeyen enberê, de'wa digel xala reş e

Xala li dêmê dilreva, sed rûh û canim bin feda
Sotim gelo çim tê nema, terkim kirin eql û huş e

Eql û huşim bûne esîr, dûnya ku geh geh tête bîr
Dêm şubheta berda munîr, zulfa ji werdê bên xweş e

Werdan ji nav zûlfa derîn, şû'la binefşê têwerîn
Bala û qedda ererîn, şeryan le ser marê reş e

Dîsanê hey têt û teçît ihyayê emwatan tebît
Wechan mudam nûr jê diçît, dêm şubhetê şem'a geş e

Şem'a şebistanan ew e, werda gulistanan ew e
Sirrê debistana ew e, şoxa Herîrî dilgeş e

Ecîb letîf û cindi ye, ezman nezan û Romî ye
Ageh ji eşqbazan niye, mest û xumar û serxweş e

Serxweşê cama şerbetê, dêm şubhê şem'a zulmetê
Hûriyad baxê cennetê, serdarê çendîn mehweş e

*Elî Herîrî*



www.arsivakurd.org


نامەوێ بمرم
دەمەوێ یاری بکەم!
تۆ باوکت هەیە
من نیمە
تۆ لە ماڵ دەژی
من لە خێوەت.
تۆ دەڕۆی بۆ باخچەی منداڵان و قوتابخانە
من دەبێت پێڵاوی خەڵکی بۆیاخکەم.
تۆ تۆپ و پاسکیل و شتی یاری کردنت هەیە
من دەبێ بە قەوانی فیشەک یاری بکەم.
تۆ هەردەم تێری
منیش هەمیشە برسی.
ئاشتم وەرە لەگەڵم دا بژی،
بەڵام لەوخوا ڕوزانەی ڕۆژێکتم بۆ بنێرە،
من پاسکیلێک بەس دەوێم!
منداڵـــــــی ئەنفالکـــراوەکـــان
Pg: 645 36 12 - 1

# چارۆکەکەی مام باپیر

*کچێک لە نینساهامنەوە دەنووسێ: من دڵم بەدوو کوڕەوەیە، یەکیان جوانی هەیە و ئەوی دیکەشیان میهرەبانی، کامیان هەڵبژێرم مام باپیر؟

– مام باپیر: کچم، مامی خۆت هەم جوانیی هەیە و هەمیش میهرەبانیی.

*سمکۆ لە ئوپسالاوە دەپرسێ: حەز دەکەم ببمە گۆرانیبێژ، چبکەم باشە؟

– مام باپیر: سیر بخۆ و زوڕنا لێدە!

*فاروق پورگود دەڵێ: هەرچەند دەکەم کچێکم دەست ناکەوێت:

– مام باپیر: ئینجا کچ نا کوڕ!

*پ.ز لە نینیساهامنەوە دەنووسێ: برایەکم هەیە زۆر حەز دەکا وەڵامی تەلەفۆن بداتەوە، هەمیشەش بە ئاواتی ئەوەیە کچێک وڵامی بداتەوە و قسەی لەگەڵدا بکا، تکایە ئەگەر ژمارە تەلەفۆنی کچێکت لایە، بۆی بنێرە.

– مام باپیر: زۆر بە خۆشحاڵییەوە. ئەمەش ژمارەی کچێکی ١٨ ساڵانە 000 90

*فرمێسک هەژار لە ستۆکهۆڵمەوە: مام باپیر بەر لە خەوتن بیر لە چ دەکەیەوە؟

– مام باپیر: لە تۆ!

*پاڤیل سەرهەنگ لە هۆڵەندەوە دەڵێ: ئەگەر وەکو مایکل جاکسۆن بەناوبانگ بم، چبکەم؟

– مام باپیر: توخنی مناڵ مەکەوە!

*دینۆ لە یۆتۆبۆریەوە دەنووسێ: خوا دەفەرموێ ناخۆشترین دەنگ، دەنگی کەرە، ئەی بەلای تۆوە مام باپیر؟



– مام باپیر: پرخەی شەوانی تۆ!

*کاردۆ لە یۆتۆبۆرییەوە دەنووسێ: جگە لە هەڵپەڕکێی سێ پێیی، چەند پێیی دەزانی، مام باپیر؟

– مام باپیر: ئینجا لەبەر حیزوو گەواد، شوێنی هەڵپەڕکێ بۆ ئێمە ماوە.

*ژیر لە ئیسکلیستوناوە: حەز دەکەم هەموو لاپەڕەکانی دیدار ڕەنگاوڕەنگ بن.

– مام باپیر: چەند قەڵەمێکی ڕەنگیم بۆ ناردووی بە زوویی دەگاتە دەستت.

*زیلان لە ئوپسالاوە: بۆ زۆربەی کوڕە کوردەکان خۆشییان لە کچی چاوکاڵ و قژ زەردە دێت و، بێزیان نایە سەیری کچی کورد بکەن؟

– مام باپیر: بەینی خۆمان بێ،"خێرییان" لێ بینیون.

*کیژێک لە کارلستادەوە: من بە بیرم نایە لە هەموو ژیانمدا دزیم کردبێ!

– مام باپیر: باشە چاوەڕوانی چیت؟ بۆ نایکەی؟

*فرمێسک لە ستۆکهۆڵمەوە: گەر کچێ حەز لە کوڕێکی کورد بکات و بیەوێ سەرنجی کوڕە ڕاکێشێ و بەدەم پێی نەڵێ، چبکا باشە؟

– مام باپیر: لە سەر "لا" بڕوا باشە.

*سەرباز لەستۆکۆڵمەوە: هەموو شەو کەدەنووم تابەیانی شەیتانی دەبم، چارم چیە؟

– مام باپیر: حەرام زادە لێرەش.....؟

سوپاس بۆ هاریکاریتان! وادیارە لەمەودوا دەوێرن دڵتان بۆ مامەتان بکەنەوە، ئەوەش جێگای دڵخۆشی منە، هەروابن، چاوەڕوانی پرسیاری بەهێزترم !

ناونیشان:

DIDAR
Mam Bapir
Box 490 82
100 28 Stockholm

تێبینی: مام باپیر تا سنوورێکی نادیار مافی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتانی هەیە،

دیـــــدار.

www.arshivkurdi.org

# بەخوێن بوونی ژن

## (Menstruation، حەیز)



لەهەندێ ژندا بەخوێن بوون کاردانەوەیەکی دەروونی هەیە.

**بەخوێن** بوون دیاردەیەکی فیزیۆلۆجی ئاسایییە لە ئافرەتدا ڕوو دەدات هەموو مانگێ یەک جار لە دوای تەمەنی بلۆقییەوە. تەمەنی بلۆق لە ئافرەتدا لە یەکێکەوە بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێ، بەڵام ئافرەت بە زۆری لە نێوان ١٣ - ١٥ ساڵیدا بلۆق دەبێ. مەبەست لە تەمەنی بلۆق ئەوەیە کە کۆئەندامی زاوزێ لە ئافرەتدا دەست بە چالاکی و کارکردن دەکات.

کۆ ئەندامی زاوزێ لە ئافرەتدا پێک دێت لە دوو هێلکەدان (ڕاست و چەپ) -کەناڵی هێلکە - منداڵدان - ملی منداڵدان (Cervex) وە کونی زاووزێ. ژمارەی ئەو هێلکانەی کە پێ نەگەیشتوون لە هێلکەداندا ئەگاتە ٣٠٠-٤٠٠ هێلکە لە کاتی تەمەنی بلۆقیدا.

هەر مانگی دانەیەک لەم هێلکانە پێ دەگات و گەشە دەکات و لە دوایدا هێلکەدان بە جێ دەهێڵێ و (ovolution)بەرەو کەناڵی هێلکە بەڕێ دەکەوێ.

لەو ماوەیەدا کە کۆئەندامی زاوزێ چالاکە واتە لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە هەتا تەمەنی ٤٦ ساڵی نزیکەی ٤٠٠ هێلکە لە هێلکەداندا گەشە دەکات. لە کەناڵی هێلکەدا ئەگەر هێلکەکە تووشی تۆوی نێرینە (spermie) هات ئەوا کرداری پیتێن (fertilization) ڕوو دەدات و ئافرەتەکە باردار دەبێ. بەڵام ئەگەر هێلکەکە تووشی تۆوی پیاو نەهات ئەوا هێلکەکە لە منداڵداندا دەتەقێت و خانەکانی دیواری ناوەوەی منداڵدان دەست بە مژینی هێلکە تەقیوەکە دەکەن.

خولی بەخوێن بوون (menscykel) بە هاتنی خوێن لە کونی زاوزێوە دەست پێدەکات. ئەم خولە نزیکەی ٣ تا ٥ ڕۆژ دەخایەنێ و، لەم ماوەیەدا نزیکەی ٤٠ - ٥٠ میلیمەتر خوێن لە هەر مانگێکدا لەبەر ئافرەتەکە دەڕوات. هەر ژنێک لە نێوان تەمەنی بلۆقی و تەمەنی (klinakteriet) واتە دوای تەمەنی ٥٠ ساڵی کە چالاکی کۆئەندامی زاوزێ دەوەستێ، ئەگەر ماوەی شەش مانگێک بەخوێن بوون بە خۆیەوە نەبینێ و باردار نەبێ(سگی نەبێ)، دەبێ بچێتە لای پزیشکی تایبەت بە کۆئەندامی زاوزێ(gynekolog). بێگومان چالاکی کۆئەندامی زاوزێ و گەشەکردنی هێلکەدان و دیاردەی بەخوێن بوون بە هۆی چەند هۆرمۆنێکی تایبەت بە کۆئەندامی زاوزێ ڕوو دەدات. ئەو هۆرمۆنانەش مادەی شیمیایین کە لە هیپۆفیس(hypofys) دەڕژێنە ناو خوێن و کار دەکەنە سەر گەشەکردنی هێلکەدان و هەروەها ڕژاندنی هۆرمۆنی تر لە هیکەدان لەوان هۆرمۆنی (östrogen) و هۆرمۆنی (progesteron). ئەو دوو هۆرمۆنە زۆربەی چالاکییەکانی کۆئەندامی زاوزێ دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

ئەو هۆرمۆنانەی کە لە هیپۆفیس دەڕژێن، بریتین لە: هۆرمۆنی LH و FSH. ئەو ئافرەتانەی لەو هۆرمۆنانەیان کەم هەبێ، دەبێتە هۆی کزی و لاوازی هێلکەدانیان و بەرادەیەکی زۆر ئەوئافرەتە نەزۆک دەبێ.

خولی بە خوێن بوون واتە ماوەی نێوان دوو بەخوێن بوون لە زۆربەی ژناندا ٢٨ ڕۆژە و لەو ماوەیەدا تەنیا ٣ - ٥ ڕۆژ خوێن هەیە. هۆی سەرەکی ئەم خوێنەش دەگەڕێتەوە سەر کەم بوونەوەی ڕێژەی نێوان هۆرمۆنی ئۆستروگێن و پرۆگێستێروم . ئەوەش کارێکی گەورە دەکاتە سەر کەم کردنەوەی کاردانەوەی خانەکانی دیواری ناوەوەی منداڵان بۆ ئەو دوو هۆرمۆنە. لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کرژبوونی ملولە خوێنەکانی دیواری ناوەوەی منداڵدان. پچڕانی ئەم ملولە خوێنانە و خوێن هاتن لە کونی زاوزێوە. لە کاتی بەخوێن بووندا ئافرەتەکە هەست بە ژانێکی توند دەکات و لەشی گەرم دادێت. هەروەها بە هۆی گۆڕانکاری ڕێژەی هۆرمۆنەکان ژنەکە هەست بە ژانێکی توند دەکا، لەشی قورس دەبێ، لە هەندێ ژندا بەخوێن بوون کاردانەوەیەکی دەروونی هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕانی خو و ڕەوشتی، بۆ نموونە جیابوونەوە لە هاوڕێکانی و زوو تووڕە بوون و بێ مەیلی و بێگومان ئەو نیشانانەش کاتییە و بەتەواو بوونی بە خوێن بوونەکە لادەچێ.

*دڵشاد شوانی - کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئوپسالا.*

www.arsivakurd.org

## تەرازوو Vågen
**24/9 - 23/10**



بۆتۆ کور زۆرە، تۆ شتێکی تایبەتت هەیە کە سەرنجی پیاو ڕادەکێشێ درەوشانێکی تایبەت و دولبەریەک کە بە سەرکەوتوویی بە کاری دێنێ . حەزت لە چاوبڕکێ و ئەم سەرو ئەو سەریش هەیە . جل و بەرگی بەر چاو و سێکسیش لەبەر دەکەیت بۆ ئەوەی ژنایەتی خۆتی تێدا دەرخەیت. بەڵام هەرکە کوڕێک هاتە پێشەوە ، پشتاو پشت دەکەڕێیتە دواوە . ئەوەش دەیان ڕەنجێنێت. ئەوان بە هەڵە ئیشارەکانت لێک دەدەنەوە. تۆ لە ڕاستیدا بە دوای هیچ پەیوەندیەکەوەنیت، تەنیا ڕابواردن نەبێت. ئەگەر بێتە سەر ئەوەی پەیوەندیەکی لێ دەرچێت پێویستە بەدڵی تۆ بێت ئەویش دەبێ کوڕێکی بە سەبرو ژیر بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا بحاوێتەوە. ئەو نابێت هیچ مەرجێک دانێت. تۆ دەتەوێت سەربەست و سەر بەخۆ بیت. ئەو کوڕانەی پەلەیانە لە دەزگیرانی یان مارەیی یان لە هەمووی خراپتر شایی، بەجارێ دەتتۆقێنن.

## دووپشک Skorpionen
**24/10 - 22/11**



هەستی تۆ بۆ ئەوە نابێت گاڵتەی پێ بکەیت. بۆ تۆ دڵداری وەک مەرگ و ژین گرنگە. هەستەکانی خۆت زۆر بەڕاست دەگری و چاوەڕوانی ئەوەیشی کەسانی تریش وابن. دوو پشک ئەو کچە نیە کە کوڕان هەڵی خەڵەتێنن و لە گەڵی ڕابوێرن...... نا، تۆ ئەو کچە نیانەی کە کوڕان بە عەزرەتەوەن خەونت پێوەببینن. توندی هەستت لەوانەیە هەندێ لە کوڕان بترسێنێ، بەڵام ئەو جۆرە کوڕانە ئەوانەن کە ناتوانن ئەو مەرجە بەرزانەی تۆ پڕ بکەنەوە. تۆ یەکێکی بەجەرگ و بە کۆششت دەوێت کە خوو ڕەوشتێکی بەرزی هەبێت و زیرەکیش بێت. وەفاداری بێ گومان مەرجێکە لە مەرجەکانت. فریو دان و هەڵخەڵەتاندن خراپترین شتە لە لات.

## کەوان Skytten
**23/11 - 21/12**



بۆ تۆ دڵداری شتێکی وا تایبەت نیە. تۆ زۆرت حەز لە قسەو پەیوەندی کردن بە خەڵکەوەیە و ئەوەش وا دەکات کە هەندێک لە کوڕان ئیشارەتەکانی تۆ بە هەڵە وەربگرن. ئەوەی ڕاستی بێت تۆ پێت ناخۆش نیە کوڕت بە دواوە بێت بەڵام ئەگەر هەست و سۆز زیادی کرد ڕادەکەیت لەدەستی. تەنیا بیر لەپەیوەندیەکی ڕاستەقینە بە مەرج دانان و چاوەڕوانیەوە سڵت پێ دەکاتەوە. بیرو بۆ چوونی کلاسیکی لە پەیوەندیدا ناشیرین ترین شتە لەلات. تۆ پێویستیت بە گۆڕان کاری هەیە لە ئەفیندارێتیدا. ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ زیاتردڵدار لە خەڵکی تر دەگۆڕی. بەڵام دەبێ هەموو کاتێ شتی سەیر ڕوویدات لە پەیوەندیەکەتدا. کوڕی خەیاڵەکانت کوڕێکی سەرنج ڕاکێشە کە حەزی لە ڕوداوی سەیری کوتوپڕە (äventyr)ە، ئەوەی ڕاستی بێت تۆ زۆر گوێ نادەیتە ئەوەی کە دڵدارێکت هەبێت. زۆر بە دەگمەنیش دڵ پیس دەبیت. پەیوەندیەکی ئازادو بێ مەرج ئەوەیە تۆ دەتەوێت، ئەگینا دەست دەکێشیتەوە.

## گیسک Stenbocken
**22/12 - 20/1**



تۆ مەرجی بەرزت لەسەر کوڕان هەیە و دەست هەڵ ناگری تاوەکو هاوسەرێکی تەواو و ڕێک وپێک نەدۆزیتەوە. پێش هەموو شتێک ئەو دەبێت لە سەدا سەد بەوەفا بێت. تۆ زۆر دڵ پیسیت و تەنانەت بچووک ترین هەڵەش قبووڵ ناکەیت. جگە لەوەش ئەو دەبێت بەکارو زیرەک و ڕێک و پێک بێت. ئاشکرایە کە دەبێ کۆشش و کۆڵ نەدەریش بێت. بەڵام نە بەرادەی تۆ. تۆ دەتەوێ ئاغاو حاکم خۆت بیت . باشترین کوڕ، کوڕێکە کە لە هەموو کات و شوێنێک پشتگیریت بکات. زەرەریش نیە ئەگەر جوان و زەنگینیش بێت. حەزت زۆر بۆ لای کوڕی جوان دەچێت، بەڵام هێندە بەسانایی ناتوانن تۆیان دەسکەوێت، تاکو لایەنەکانی تریشت بۆدەرنەکەوێت. کەس ناتوانێت تۆ بە هەڵخەڵەتاو ناوبهێنێت.

## سەتڵ Vattumannen
**21/1 - 18/2**



تۆی ئازاد و ساکار لە خەیاڵی زۆر کوڕان دایت. تۆ دولبەرو نەترسی و هەموو کاتێ شتی تازە دەدۆزیتەوە. ڕۆمانسیەکی وانیت بەڵام کچانەیت. لەوانەیە هاوڕێی کوڕت زیاتر بێت تا کچ. کوڕان متمانەت پێ دەکەن.

تۆ سەرەڕۆ نیت، شەرمنیش نیت. لە کۆڕی کوڕاندا هەڵسووکەوتت وەک ئەوانە، ئەوەش وا دەکات کوڕان وەک هاوڕییەک چاوت لێ بکەن تاوەکو کچێک بۆ ئەڤینداری، ئەوەش بۆ تۆ باش دەگوونجێ. ئەوەی تۆ لێی دەگەڕێی کوڕێکی جێ بڕوایە نەک تەنها قسەخۆش. هەستەکانی تۆش تایبەت بە سێکس نین. گرنگ، بە لای تۆوە چۆنیەتی بیر کردنەوەی کوڕەکەیە، نەک جل و بەرگ و ڕواڵەتی دەرەوە. چاو بڕکێ و نەریتی کۆنی دڵداری کاریگەری لەسەر تۆ نیە. تۆ بڕوات وایە کە دەبێت کوڕەکە بناسیت، پێش ئەوەی ئەڤینی بێت.

## ماسی Fiskarna
**19/2 - 20/3**



بۆ تۆ خۆشەویستی لە ئاوو هەوا گرنگترە. کاتێک بەدڵداری ڕاستەقینەکەت گەیشتی ، هیچ سنوورێک نامێنێ بۆ دەربڕینی سۆزو هەستت. تۆ زۆر بەسەر دڵدارەکەتدا هەڵ دەدەیت و خۆشەویستی بۆ دەردەبڕی. ڕەنگە ببێتە هەست دەربڕینێکی ماندوو کەر لە درێژایدا. خۆشت زۆر متمانە بە یارەکەت دەکەیت، لەبەر ئەوە ژیان لەگەڵ تۆ پیاوی خۆی دەوێ. ماسی هەست ناسکە جا با نەڵێن لە ڕادە بەدەریش. لەبەر ئەوە دەبێت بە نەرم و نیانی هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکرێت. تۆ دڵت بۆ کوڕی چوار شانە و پۆڵایین لێ دەدات و پێت وایە ئەو هێزەیان لێ دەدۆزیتەوە کە خۆت نیتە. مەترسیەکە لەوادا دەردەکەوێت لە ژێر ئەو لەشە پۆڵایینەشەوە منداڵێکی دوو دڵ خۆی حەشارداوە.

دڵداریدا دەتەوێ لایەنە بە هێزەکە خۆت بی. باشترین کوڕ بۆ تۆ یەکێکە کە
ەغلەتت نەکات. ئێوە دەبی بتوانن گاڵتە و گەپ بە یەکەوە بکەن. مەرجی
تۆ پێویستیت بە ڕێزگرتن و پێهەڵداگووتن هەیە و کوڕانی زمان لووس تۆیان
کوڕێ کەوت و سەرنجی ڕاکێشای، ئیتر دڵت بۆی لێدەدا. بەڵام هەروا زووش
پێیان وابێ تۆ یار زۆر بگۆڕی، باڵام قسەی ئەوان ناچێ بەگوێتا ، لە ناخی
ە ڕاستەقینەکەت بکەوێ، تا ژیانت ماوە دەتەوێ لە گەڵیدا بی.

گەر بێ ژمارەیەکی زۆرت ستایشکار هەیە کە بە پەرێزەوە لە دەورتن. ئەو بە
ان دەکا کە هەست بە دوو دڵی بکەن. تۆ دڵداری بەڕا ستی دەگری، نەک یاری
 تۆ پتر هەست بە متمانە کردن و بیر و هەستی هاوبەشە نەک جۆش و خرۆش.
ەوە، تۆ ئەو کەسە نیت کە بەر لە ناسینی کوڕێ خۆت باوێتە باوەشی. ئەوەی تۆ
ێگای بڕوایە کە تۆ تا ڕادەیەک بە دەمیشیەوە دەدەیت. ئاواتت لە ژیاندا ماڵێکی
ک منداڵە.

 کە هێندەی حەز لە چاویازییە، گەلێ زەحمەتە. لای تۆ گرینگترین شت ئەوەیە
ستی ئەوەی چیت پێ خۆشە بیکەیت، کێت بوێت، چاوت پێبکەوێت. کاتێ هەست
سانی وەک چەکی ناڕەزایی بەکاردێنی. بۆتۆ کوڕێ باشە کە بتوانێ لە سەر پێی
ۆش هەبێ. لە ڕاستیدا پێویستیت پتر بە هاوڕێیەکە نەک هاوسەرێ. ئەوەی تۆ لە
ی هاویەش و هەزەلی بوونە، تۆ هێندە گەرم و ڕۆمانسی نیت و ژیان بە ساکاری
ێتەوە.

پیاوێ بدۆزیتەوە و خێزانێ پێک بێنی. لای تۆ خێزانێکی گەورە و گەرم و گوڕ ماناى
پیاوێکە کە هەمان بیرو و بۆچوونی هەبێت. قرژاڵ بەوەی کە زۆر زوو باسی
ی، دەتۆقێنێ. تۆ پێویستییەکی زۆرت بە دڵنیایی هەیە و خۆت زۆر بە یارەکەتەوە
 بەجێت دێلێ، بێدەستەوەستان دەمێنیتەوە تا شازادەیەکی کەی
ێکی جێگیر، کە بتوانێ ئەرکی خێزانێ هەڵگرێ، بێ هاوتایە. ئەو
خێزانێک بە پێی دابو نەریتی کۆن پتر لە گەڵ تۆدا دەگونجێ،

تۆ هەمیشە دەتەوێت ناوەند خۆت بیت و

akurdi.org



دەربڕینێک لە هەڵخەڵەتاندن.

* قوتابخانه نا، بەڵام گەلێ هونەرمەندی تەشکیلی بەرزی جیهانی و کوردی کاریگەریان لە سەر ژیانی هونەری فەیسەل هەبووە.

- ڕاستە! هونەرمەندان مەحەمەد عارف، ئیسماییل خەیات لە کوردستان و لیۆنارده داڤینچی و پیکاسۆ کاریگەریان لە سەر ژیان وکارەکانمدا هەبووە.

- فەیسەل مەنسور شاد و شانازە و جێگا پەنجەی هونەرمەندانی کوردی لا دیارە، بە تایبەتی لە هەندەران.

- هونەری تەشکیلی توانیوێتی شناسنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ چ لە وڵات و چ لە هەندەران. لە ڕێگایەو هونەرمەندانەی هەمیشە شانازیان پێوە دەکرێت کە توانیویانە بە پەنجە ڕەنگیەکانیان مۆزەخانەکانی ئەمریکا و ئەوروپا برازێننەوە. *دوا وتەت؟*

- زۆر سوپاسی دەستەی نووسەرانی دیدار و هەوڵیان بۆ رەخساندنی ئەم دەرفەتە بۆ گەیاندنی دەنگی هونەری کوردی بە کوردی سوێد و پێزانینی زۆریشم بۆ ئەرکیان لە ڕێگاگرتنی تازەکردنەوەی ڕۆژنامەگەری لاواندا.

**دیداریش پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازێ.**

# ئاوازێکی بچووکی دڵداری
# En liten kärlekssång

ناساندنی کتێبێک

**نووسەر: میشێل ماگۆریان**
**Michelle Magorian**




میشێل ماگۆریان نووسەرێکی ناسراوە کە لە هەموو شوێنێک خۆشەویستی لاوان و تەنانەت گەورانیشە. پێشتر چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاو کردۆتەوە لەوان: "شەوباش میستەر تام"، "دووره وڵاتی" و لەم دواییەشدا کۆمەڵە چیرۆکی "لە قووڵایی ئاودا" کە خوێنەرێکی یەکجار زۆری بەرەو خۆی راکێشاوە.

لە "ئاوازێکی بچووکی دڵداری"دا "رۆزا" کیژێکی هەڤدە ساڵانەیە کە پێی وایە لەم دنیا بەرینەدا کەس نییە ئەوی خۆش بوێ. ئەو لە ژێر سێبەری خوشکە جوانەکەیدا "دیانا" دەژی. دیانا لە جوانیدا لە حۆرییەک دەچێ، رۆزاش لە بەر ناحەزی ناوێرێ خۆی پێشانی کەس بدا.

سەرەڕای ئەوە ژیان بەردەوام ڕووداوی نوێ دەخاتە ڕوو. ساڵی ١٩٤٣یە و کچەکانیش بۆ یەکەمجار دوور لە گەورەکانیان خۆیان، خۆیان پەروەردە دەکەن. رۆزا لەم هاوینەدا هەست بە پێگەیشتنی خۆی دەکا ت و خۆشەویستێک دەدۆزێتەوە و ...

ئەم کتێبە پڕە لە وێنەی ناسک و جوان، خەیاڵ و شادی و خەم و ... بە کورتی چیرۆکێکە کە مرۆڤ هەرگیز لە بیری ناکات.

*** دەتوانن ئەم کتێبە لە کتێبخانەکان داوا بکەن.**

www.sivakurdi.org

# تۆنی تابلۆکانی سیمفۆنیای خەمە ......

ئامادەکردن و وێنە: ئاری فواد



هونەر ڕاستەقینە دەبێ لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەڵدا بژی.

**ناو: فەیسەل مەنسور**

**شوێن و ساڵی لە دایکبوون: چەمچەماڵ، ١٩٦٩**

**پلەی زانیاری: دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆژی، بەشی مەدەنی**

**ئارەزوو: مۆسیقا و وێنەکێشان**

**هونەرمەند فەیسەل هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی ڕەنگ و تابلۆیە، هەر بۆیەش تەمەنی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی لاوێتی.*

ـ بەڵێ هەر لە منداڵیمەوە ئارەزوو و خولیای وێنەکێشانم هەبوو و هەموو کاتێ لە پێشبڕکێی وێنە کێشانی قوتابخانەدا بەشداریم دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەمین پێشانگای تایبەتیم لە هۆڵی پەیمانگای هونەری لە شاری کەرکوکدا بۆ کرایەوە و لەوێدا توانیم خەڵاتی منداڵانی ناوچەی سلێمانی لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەوە وەرگرم.



دیمەنێک لە ڕەوێ.

**"لە قوتابخانەی هونەری وەرنەگیرام چونکە وێنەی دیکتاتۆرەکەی بەغدام نەکێشا"**

**تۆن و ئاوازی خەماوی تابلۆکان هاواری میللەتە و لە لەرانەوەی ئاخەکانیاندا گیانیان دەردەچێت.*

ـ ئاواز و ناڵەی گەلەکەم بۆنەتە بابەتی تابلۆکانم و بە شێوازی تایبەتی خۆم دەریان دەبڕم. بە تایبەتی ئەو کاتەی ملمان لە ژێر چەقۆی سانسۆر دابوو. هونەری ڕاستەقینە دەبێ لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەڵدا بژی، تابلۆکانم لە دوو تویی هەموو ئازارێکدا هاوارێکن و ڕەنگەکانیشم شۆڕشێکە بۆ لەناو بردنی ئەو ئازارە.

** هونەرمەند فەیسەل مەنسور پابەندی هیچ قوتابخانەیەکی هونەری نییە.*

ـ بە داخەوە بە هۆی نەڕەخسانی دەرفەتەوە نەمتوانیوە ڕێگای خوێندنی ئاکادیمی هونەری بگرم و خۆمی تێدا پەروەردە بکەم. بە تایبەت ئەو کاتەی داوایان لێکردم کە وێنەی دیکتاتۆرەکەی بەغدا بکێشمەوە، من بە کردنی ئەم کارە ڕازی نەبووم ...

بەڵام هەر کاتێ بابەتێکی جوان مێشکم داگیربکات ئەوا هەوڵ دەدەم شێوازێکی هونەری بۆ بدۆزمەوە و بیخەمە سەر تابلۆ.

www.zankurdi.org

**ناو: ڕێزان عەزیز**
**پیشە: مامۆستای دواناوەندی پیشەیی**
**ماوەی ژیان لە سوێد: یەک ساڵ لە ستۆکهۆڵم**
**شوێنی لە دایکبوون: هەولێر، باشووری کوردستان**
**ئارەزوو: وێنەکێشان، وەرزش، مۆسیقا**
**ئاوات: گەڕانەوە بۆ کوردستان**

-من هەر لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە لە خەیاڵی ئەوەدا بووم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان سەفەرێکی ئەوروپا بکەم، دیارە نەک بەم شێوەیەی ئێستا. لە کوردستان ئەوروپا وێنەیەکی زۆر ناسک و ڕۆمانسی هەبوو لامان ، زۆرتر وێنەی پاریس و گەشتێکی سەر دەریاکان دەبوون بە پێناسەی ئەوروپا ... بەڵام کاتێ مرۆڤ دێتە ناو ڕاستیەکان ، ئەوجا دەبینێ ژیانەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ کۆنە خەیاڵەکانیدا.



*خێزانێکی بەختەوەرن، بەڵام گەڕانەوەیان بۆ کوردستان مەرجی ئەڤینداریانە.*

**زۆر جار دەگووترێت کە کچانی ئەمڕۆی کوردستان شوو بە ئەوروپا دەکەن، نەک بە دەموچاوی نازداری کوڕانی کورد، بۆ دەبی وابێ؟*

لەوانەیە بە هۆی باری سەختی ئابوریەوە، کچێکی هەژدە ساڵانە

# نوێ

وێنەکان: ئاکۆ

شوو بە کابرایەکی چل ساڵانە بکا، بەڵام ئەمە زۆر نائاساییە، پاشان کاتێ من شووم بە پشتیوان کرد هەر لەوێ پێم گووت با لە کوردستان بژین و نەچینە ئەوروپا، ئێستاش هەر بەخەیاڵی گەڕانەوەم لە پاشەڕۆژدا.

** خۆ ئاشکرایە زۆر لەم کوڕە کوردانە، لێرە لەگەڵ کچانی ئەوروپایی ژیاون، زۆر جار ئەم ڕاستییە باس ناکەن و دەیشارنەوە! ئایا کچانی کوردستان باوڕ بەم دووڕوویيەدەکەن؟*

- من پێم باشە کوڕە کوردەکان ڕاستییەکان نەشارنەوە، ئەگینا پەسند کردنی مەسەلەکە بۆ کچەکان دژوارتر دەبێ. هەرچەندە کچانی کوردستان باوڕ بە کوڕانی کوردی ئەوروپا ناکەن ئەگەر بڵێن "ئێمە لەگەڵ کەسدا نەبووینە"، تەنانەت گاڵتەشیان پێ دەکەن.

**زۆرکەس پێی سەیرە چۆن مرۆڤ دەتوانێ لە ماوەی مانگێکدا ژنێ بناسێ، ببینێ و تەنانەت بیشی هێنێ. ئەوان چەندە دەتوانن یەکتر بناسن سەبارەت بە خۆیان چ بە یەکتری دەڵێن؟*

– ئەم دیاردەیە لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام یەکجارش وانییە کەلێرەباسی لێ دەکەن، ئەوکەسەی بەنیازێکی پاکەوە داوای کچێک بکات، زۆر ئاساییە یەکترببینن و لە مەڕ شێوەی ژیانی داهاتویان قسەبکەن، پاشان من دەتوانم بڵێم تا ئێستا ڕێژەیەکی زۆر سەری گرتووە، من خۆم کەسێ ناناسم کە جیاببووبێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوانەی لێرە ژنی ئەوروپیان هێناوە لە گەڵ ئەوانەی لە کوردستان ژنی کوردیان هێناوە بەراوردبکەین، دەبینین بە لایەنی کەمەوە ٦٠٪ ئەوانی ئێرە لێک جیابوونەتەوە، کە وایە ئەمە بەڵگەیەکی سەرکەوتوویی ئەم پێوەندیەیە.

**''لەکوردستان ئەوروپا وێنەیەکی زۆر ناسک و ڕۆمانسی هەبوو لامان زیاتروێنەی پاریس وگەشتێکی سەر دەریاکان دەبوون بە پێناسە''**

*"ئێمەش هیوای پەیوەندیەکی سەرکەوتووترتان بۆدەخوازین،*

*دیـــــــــــدار".*

**ناو: سەلاح هەقگۆ**

**ساڵ و شوێنی لە دایکبوون: ١٩٧٤ . بۆکان**

**ماوەی ژیان لە سوێد: ١١ مانگ (هێشتا مافی پەنابەری نییە)**

**ئارەزوو: شێعر، مۆسیقا، ئازادبوونی کوردستان لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیدا**

**خۆشەویست ترین هاوڕێ: فەرهاد**

–من بەرلەوەی بێمە سوێد، زانیارییەکی ئەوتۆم لەبارەی ئەم وڵاتەوە نەبوو. ئەوەندەم دەزانی وڵاتێکی سارد و سڕە و چەند میلیۆن کەسێکی تێدا دەژی. هەروەها لەبارەی کوردەکانیشەوە، ئاگاداری گرفتەکانیان نەبووم، هەر چەندە برایەکم لە مێژبوو لێرە بوو.

**بۆچوونی لاوەکان سەبارەت بە سوێد زۆر جار هەڵەیە و پاش هاتنیان بۆیان دەردەکەوێ ڕاستییەکان چۆنن!*

– لەسەر ئەوە وەستاوە بە چ مەبەستێکەوە دێتە ئەوروپا. ئەگەر مرۆڤ بێ هەدەف بێ، ئەوا بێ گومان تووشی گرفتێکی زۆر دەبێت.

** بارودۆخی ئێستای لاوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناچێ زۆر باش بێ؟*

– ئەوان زۆربەیان پێیان خۆشە لە سەر خوێندن بەردەوام بن، بەڵام بە هۆی نەبوونی دەرفەت یان گرفتی ئابوورییەوە ناچارن واز لە خوێندن بێنن و خەریکی کاسبی بن. هەروەها زۆربەی لاوەکان بە ئاواتی ئەوەن بێنە ئەوروپا، هەرچەند ئەوروپا شایەنی ئەوەنیە هێندەی ئاوات بۆبخوازی. گرفتی لاوان لێرە لە گەڵ وڵاتدا جیاوازە. لێرە گرفتی لاوان پتر دەروونی و لەیەک نەگەیشتنە.

**کاک سەلاح دەڵێ لاوانی ئێرە لە پێوەندیدا سارد و سڕن:* من پێم وایە ئێمە کە تازە هاتووینەتە ئێرە، لە زمانی لاوەکانی ئێرە ناگەین. ئەوان رەفتاریان پتر وەک ئەوروپاییەکانە، سارد و سڕن. لە کوردستان هاوڕێ، هاوڕێیە و لە شین و شاییدا لە گەڵت دایە. من تا ئێستا نەمتوانیوە لێرە هاوڕێیەکی ئاوا پەیدا بکەم کە قسەکانم بخوێنێتەوە، تەنانەت زۆر جاران وا تێدەگەم کە ئەوان گاڵتەیان بە قسەکانمان دێت.



جارێ لە کچەکان هەر گەڕێ. من لە بۆکان زمانی کیژەکانی ئەوێم دەزانی و زۆر بە ئاسانی دەمتوانی پێوەندییان لە گەڵدا ساز بکەم، بەڵام لێرە ئەوان زۆر لووت بەرزن، من تێناگەم! رەنگبێ ئەوان ئێمەیان پێ گوندی بێ، هەڵبەت هەموویان وا نین.

**سەبارەت بە گەڕانەوەی لاوان پرسیمان: بڵێی لاوەکان لە پاشەڕۆژدا بگەڕێنەوە بۆکوردستان؟*

– لە سەر ئەوە وەستاوە لە چ تەمەنێکدا هاتوونە ئەوروپا، بەڵام پێم وایە ٥٠٪ ناگەڕێتەوە. من بۆ خۆم تازە هاتووم بۆ من ئەو بڕیارە سەختە.

---

**ناو: شاسوار بەکر قادر**

**ساڵ و شوێنی لە دایکبوون: ١٩٦٩ . کفری، باشووری کوردستان**

**ماوەی ژیان لەسوێد: نزیک ساڵێک.**

**پیشەی وڵات: دەرچووی شەشی ئامادەیی پیشەسازی.**

– قەت لە خەیاڵمدا نەبوو بێمە ئەوروپا و بیریشم لێنەکردبووە، بەڵام بە دوای کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی باشووری کوردستان، وەک هەزارانی دیکە ماوەیەک لە ئێراندا گیرسامەوە و پاشان بڕیارم دا بێمە ئەوروپا. دیارە باری خراپی ئابووریش لە سەر ئەو بڕیارە دەوری هەبوو.

**زۆربەی لاوەکان بەر لە هاتنیان چاوەڕانییەکی سەیریان لە ئەوروپا هەیە و کاتێ دێن دەیبینن، شتەکان بەوجۆرە نین کە ئەوان لە مێشکیاندا سازیان کردبوو.*

دیموکراسی و ئازادی تاکە کەسی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران بۆ ئەو چاوەڕوانییە. من پێشتر هەندێ شتم لە سەر سوێد خوێندبووە و بۆیەش ساردی ئاو و هەوا و خەڵکەکەیم زۆر بەلاوە سەیر نەبوو، مەسەلەی سێکس و سەرگەرمی لاوانیش ئەوە نەبوو کە خەڵک دەهۆڵی بۆ لێدەدا.



من پێم وایە هاتنی خەڵکی ئاوارە و ئەنفالکراوەکان زیاترجێگای هەق و پێویست ترە لە خەڵکی نیمچە دەوڵەمەندی شارەکان. ئاوارە و ئەنفالکراوەکانی کوردستان بێ لانە و نامۆی وڵاتی خۆیانن. با کوردستان ئازاد بێ، بەڵام کە من نانێکم نەبێ، ئەوە بۆ من چ ژیانێکە؟ بەلامەوە زۆر ستەمە لە سەر خاکی وڵاتی خۆتدا وەک ئاوارە و پەنابەر بژی، ئەوەش یەکێ لە هۆیەکانی دەرچوونم بوو، ناهەقمە؟

# بەرەو وڵاتێکی

**هۆی دەرچوونی بە کۆمەڵی لاوان لە چدا دەبینی؟*

ناتوانم بە شێوەیەکی دیاریکراو باسی ئەم مەسەلەیە بکەم، چونکە هەر کەسەی پاکانە و هۆی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام من پێم وایە تاڕادەیەک مەسەلەی چاولێکەری دەورێکی باڵای هەیە لەدەرچوونی ئەو خەڵکە.

دواوتەشم ئەوەیە کە:پێویستە لاوان لێرە لە ڕووی مادی و ڕۆحییەوە ئاگاداری لاوەکانی کوردستان بن و بە پێ ی توانا یارمەتیان بدەن. بۆ وێنە بە ناردنەوەی کاغەز و قەڵەم، کڕینی تۆپ و جل و بەرگی وەرزشی، پێڵاو بۆ مناڵان .... یان بەلایەنی کەمەوە بە بەشداری کردن لە شەوی پشتگیری کردن بە نیازی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ خاک!

www.arsivakurdi.org

# هۆنـــــــــراوه

## چاوەڕوانـــــی

لەم پاییزە تووش و ساردە
ڕەنگ زەردەدا
چاوەڕوانی گەواڵە هەورێکی ئاوس
بە بارانی خەندە و نیگام
تابە سەرما
داکات و ئەم تەمی پەستی و
بێزاری یەم
بشواتەوە
چاوەڕوانم هەر چاوەڕوان ..

**هاوڕێیەکی سرود**

## مـــــــاچ

لە سەر مێزی کافتریاکە
بەدزی یەوە ماچم کردی
لە پڕێکا ...
"بۆیَ"ێک کردی بە لامانا
سەرمان داخست،
چاومان چوقاند، لە شەرمانا!
هەر کە سەرمان وەک وەنەوشەی
پاش بارانی شەونمی ناز
هەڵبڕیەوە:
پای مێزەکە،
بووبوو بە چوار بنکە گوڵ و
"بۆیَ" بە دار کاژ
هەر دوو فینجانی قاوەکەش
بە دوو چۆلەکەی خۆش ئاواز!!

**قوبادی جەلی زادە**
(قەڵەمێکی ڕدێن سپی)

# دەوری جل و بەرگ لە سازبوونی پەیوەندیدا

**— ئایا** جل و بەرگ لە سازبوونی پێوەندیدا دەوری هەیە؟



*کچ: بەڵێ هەیەتی ... چونکە پوشینی جل و بەرگی جوان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ هەست و چاودا دروست دەکا، جگە لەوەی "هەندێ" جار کەسایەتی ئەو مرۆڤەش بە شێوەیەکی گشتی پیشان دەدات.



*کوڕ: زۆر نا ... دەتوانم بڵێم دەوری جل و بەرگ ... وەک پردێکە بۆ گەیاندن و دروستکردنی پێوەندی چاو لە گەڵ فورمی لەشدا، بەڵام هەموو شتێک نییە و تەنها بەقەد ئەوەندەی پێوەندییەکی تەماشاییە. ئەگینا جل و بەرگی جوان وەک هەموو شتێکی دیکەی جوان، جوانە.



*کچ: ئەی ئەگەر جل و بەرگێکی جوانت لەبەردا نەبێ چۆن دەچی بۆ ئاهەنگ یان شوێنێکی تر؟ ئەو شتە بە تایبەت زیاتر لە لای کچان گرینگترە تا کوڕان. هەر بویەش پێش دەرچوونیان بۆ ئاهەنگێک بە هەفتەیەک خەیاڵ دایان دەگرێ کە چیان بۆ ئەو شەوە لە بەردابێ.



*کوڕ: بێگومان جل و بەرگی ڕێکوپێک لە دروست بوونی پێوەندیدا دەور دەبینێ، بەڵام پاشان ئیتر ڕۆڵی نامێنێ و جوانی دەروون مەیدان داگیر دەکات.

*کوڕ: هەڵبەتە جل و بەرگی جوان لە دروستکردنی پێوەندیدا دەوری هەیە، بەڵام مرۆڤ نابێ هەر دەم بیر لەمە بکاتەوە،بەلکو مرۆ دەبێ خاوەنی کەسایەتی و باوەڕی خۆی بێت.

*کچ: بەڵێ جلی جوان، جوانە، بەڵام لە سەر ئەوە وەستاوە کە چۆن و لە چ کاتێکدا کەڵکی لێوەرگری. بە داخەوە کچە بێگانەکان بە شێوەیەک جل و بەرگ لەبەر دەکەن، لایان وایە هەموو کاتێک جەژن و شادییە. جارێ باسی دەم و چاو ڕەنگ کردنیان هەر ناکرێت. خۆ ئەگەر بەیانییەک بەر لە دەموچاو شوشتن سەیریان بکەی ئینجا دەزانی پێستی دەموچاویان چۆن بەو مادە شیمیاوییانە سوتاوە، جا با کچانی ئێمەش ئەوە لە بیر نەکەن.

*کچ: خۆزیا بمتوانیایە هەرچی چاکەت و پانتۆڵی ئەو کوڕە کوردانەیە بیسوتێنم" بە پەپوولە سورەکانیشیانەوە" . هەر لە پیرەمێردی خانە نشین دەچن ! وادەزانن ئەوها دەبنەپیاو........!

بە گیانی خۆتان زۆر جوانترو ڕۆح سووکتر دەبن ئەگەر کراسێکی جوان و "jeans" ێک لەبەر بکەن "بیرم چوو jeans ی شینی تۆخ نا!" .

*وێنەکان: ئاری فواد*

*کچ: من دەوری ڕۆڵ و پەیوەندی جل و بەرگ لەوەدا نابینم وەک هەندێ لەو کوڕە کوردانەی کە کراسی "هاوایی" گوڵ گوڵی

بەرگە دۆشەک ئاسا لەبەر دەکەن........ چ زەوق و سەلیقەیەکە..! دەنا بە گشتی هەر پێم وایە چ کوڕانیش و چ کچانیش جل و بەرگی جوان دەپۆشن ..

هەندێ لەو خوشکە ئازیزو " بەناو پێشکەوتووەکانمان" نەبێ کە دەرپێ و سوخمەکانیان دیارە و بریسکەی دێ !

هەر بۆیە وا چاکە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە لە مەڕ پۆشینی جل و بەرگ دا کارێکی شیاو بێت. هەر نا لەبەر کەسانی بە تەمەنی ئاهەنگەکانیش بێت پێویستە بەپێی داب و نەریت جل و بەرگ لە بەر بکرێت.

*پرسیاری ژمارەی داهاتوومان: ئایا*
*لەپاشەڕۆژدا دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان.*
*تکایەڕای خۆتانمان بۆبنێرن، دیـــــــدار.*

www.arsivakurdi.org

مەسەلەی ئابورییەوە بەستراوەتەوە. تیپێکی شەش کەسی بە لایەنی کەمەوە بیست هەزار کرۆنێکی تێدەچێ، ئەوەش بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان نرخێکی ئاسایی نیە.

**ئەم هونەرمەندە دژی ئاهەنگە کوردییەکانە، بەڵام بە هۆی گرفتی ئابوورییەوە ناچارە بە بەشدار بوون لە ئاهەنگە بێ بەرنامەکاندا.*

**"مۆسیقای سونەتی کوردی یەکێکە لەپێشکەوتووترین مۆسیقاکانی ڕۆژهەلات ناوەڕاست، ئیتر چ پێویست دەکات مۆسیقای میللەتانی تر بهێنین و بیانکەین بەکوردی؟"**

- بۆ ئەوەی خەڵک تۆزێ وشیار بێتەوە و فێری گوێ ڕاگرتنی مۆسیقا بێ، من پێم خۆشە کاری کۆنسێرت بکەم. بەڵام بەداخەوە ئێستا جگە لە گۆرانی هەڵپەڕکێ و ئاوازی شاد، خەڵکی ئەوانی تر بە هونەر دانانێن. ئەوەش نیشانەی نەفامی میللەتە لە بواری مۆسیقادا. خۆ ئاشکراشە دانانی کۆنسێرتێ بە لایەنی کەمەوە ماوەی شەش مانگێ مەشق و پارەیەکی زۆری دەوێ کە ئەوەش لە توانای ئێمەدا نییە، هەربۆیەش ناچار دەبین بەشداری شەواهەنگە کوردییەکان بکەین و ئەوخەڵکە هەڵپەڕێنین.

* ئێستا ئەردەشیر بەو هیوایەوەیە کە بتوانێ چەند لاوێک فێری مۆسیقا بکا، بۆ ئەم مەبەستەش کۆرسێکی کردۆتەوە. لە کۆرسەکەدا ئەم بەهرەدارە ڕۆڵی مامۆ ستای سەنتوری هەیە. خۆی دەڵێ: بە لای منەوە سەنتور خۆشترین ئامێری مۆسیقایە. سەنتور ئامێرێکی ئێرانییە ومێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان واتە بەر لە ئیسلام. لەسەر دیوارەکانی کۆشکی "بێستوون" کەسەر بە شاری "کرمانشان"ە وێنەی سەنتور لە شێوەی "پەیکەر" کێشراوە. پاشان ئەو ئامێرە گەیشتوەتە تورکیا، ڕۆمانیا، یۆنان و وڵاتانی عەرەبی. بەڵام ئەوە بەم مانایە نیە کە سەنتور ئامێرێکی فارسییە. هەر نەتەوەیەک بتوانێ ئاوازەکانی لە چوارچێوەی مۆسیقای میللەتەکەی لێبدات، ئەوا ئەو ئامێرە مولکی خۆیەتی. زۆر لەزانایانی مۆسیقا بنەڕەتی پیانۆ و سیلەفۆنیش دەبەنەوە سەر سەنتور.

*ئەم سەنتورژەنە دژی ئەو کەسانەیە کە کاری مۆسیقای نابەجێ دەکەن و مۆسیقای نەتەوەکانی تر دەکەن بە کوردی.



ئەو پێی وایە مۆسیقای کوردی یەکێکە لە دەوڵەمەندترین مۆسیقاکانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و چەندان مێلۆدی جۆراو جۆری هەیە کە دەکرێ بە باشترین شێوە کەڵکیان لێوەربگیردرێت. بۆ نموونە: مۆسیقای شاد، سونەتی، مارش بۆ کاتی شەڕ، شیوەن و ... لەم چەند ساڵەی دواییشدا مۆسیقای کوردی توانیوییەتی شان بەشانی مۆسیقای جیهانی لە شێوەی ئۆرکێسترا، جاز، پۆپ و میکس کردن لە مۆسیقای ڕۆژ ئاواییش لێبدرێت.

**مۆسیقای ڕەسەنی کوردی ئاستی هونەری زۆر بەرزە!*

بەڵێ،مۆسیقای کلاسیکی(سونەتی) کوردی بە هۆی هەمە جۆری فۆرم و ڕیتمی زۆرەوە لە هی فارسی و تورکی پێشکەوتووترە. ئێمە ناتوانین زیاتر لە ساعەتێ گوێ لە مۆسیقا کلاسیکی فارسی بگرین، بە هۆی کەمی فۆرموو ڕیتمەکانییەوە، چونکە گوێگر ماندوو دەبێت، کەوایە چ پێویست دەکا ئێمە بچین مۆسیقای ئەوان بێنین و بیانکەین بە کوردی؟ هەرچەندە ئەوان ئەم کارەیان کردووە بەڵام ئێمە نابێ هەڵەی ئەوان دووبارە بکەینەوە.



*ئاواتی هەرەبەرزی ئەردەشیر،دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقای لاوانە.*

* *ئەردەشیری زەبەردەست لای وایە کورد دەنگ خۆشی زۆرە، بەڵام سەیدعەلی ئەسغەر و مەزهەری خالقی شوێنێکی تایبەتیان لە دڵی ئەودا هەیە.* دوا ووتەشم ئەوەیە: لاوان هەوڵ بدەن سوود لەو ئیمکانیاتە وەربگرن بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی میللەتەکەمانی پێ پڕکەینەوە. هەروەها پێویستە بیر لە داب و نەریتی نەتەوەکەمان بکەنەوە و هەموو شتێ لەبیر نەکەن.

**ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەشداری کۆرسەکەی کاک ئەردەشیر بکەن، دەتوانن بەم ژمارە تەلەفۆنە پێوەندی پێوەبکەن:*

Tel: 08-53185629

Adress: Akallaträff



www.arsivakurdi.org

# "ناچارم .. خەڵکی هەڵپەڕێنم"

**ئامادەکردن و وێنە: ئاکۆ نەجمەدین**



*مۆسیقای کوردی چوارچێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێک دەیانەوێ بیشێوێنن، ئەردەشیر دەڵێ.*

*- مۆسیقای کوردی هێندە دەوڵەمەندە کە پێویست ناکات گۆرانیبێژەکان مۆسیقای میللەتانی دیکە بهێنن و بیکەن بە کوردی. هەر کەسێکیش ئەم کارە بکات، ئەوە ناپاکییەکی گەورە لە مۆسیقای کوردی دەکات.*

**ناو: ئەردەشیر زەبەردەست**
**شوێنی لە دایکبوون: سنە**
**ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤**
**شوێنی ژیان: ستۆکهۆڵم**

*هەر کە دەرگایماڵەوەت لێ دەکرێتەوە، هەست دەکەی کە ئەوە ماڵە هونەرمەندەو بۆنی مۆسیقای لێدێت. وادیارە خەریکی پرۆڤەکردنی چەند ئاوازێکی تازەیە و دەیەوێ بەم زووانە بیانکاتە کاسێت بۆ یەکێ لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان. کاک ئەردەشیر بەردەوامە لە سەر مەشق کردنی ئاوازەکانی و منیش واق ورماو سەیری دەکەم. لە پڕ لێدەبێتەوە و جارێکی تر بەخێرهاتنمان دەکات و چایەکی دیشلەمەی نایابیشمان بۆ تێدەکات.

* ئەردەشیری زەبەردەست هەر لە هەرەتی منداڵییەوە ئارەزوویەکی زۆری لە گۆرانی و مۆسیقا هەبووە.

-بەڵێ من کاتێ تەمەنم چوار پێنج ساڵان بوو هەرچی گۆرانی تازە دەردەچوو، شیعرەکانیم لەبەر دەکرد و دەموتەوە. زیاتر حەزم لە دەنگی سەیدعەلی ئەسغەر دەکرد. بە بیرم دێ کە منداڵ بووم نەمدەتوانی بڵێم سەید ئەسغەر، دەموت دایە گۆرانی سەید ئەسکەریم بۆ لێدە.
ئیتر من تا تەمەنی دە ساڵی بەردەوام بووم لە گووتن و گوێ گرتن لە گۆرانی، پاشان باوکم منی ناردە لای ئوستاد حەسەنی کامکار کە لەو کاتە کۆرسێکی مۆسیقای دامەزراندبوو. من تاتەمەنی پانزە ساڵی لەو کۆرسەدا بەردەوام بووم. پاشانیش لە پەیمانگای مۆسیقای سنە وەرگیرام کە ماوەکەی چوار ساڵ بوو، دوا ساڵی لە تاران خوێندم..

* پاش تەواو کردنی ئەردەشیر،پەیمانگاکە بە هۆی هاتنە سەر کاری ڕژێمی ئیسلامی بەسترا و مۆسیقا قەدەغەکرا. بەمجۆرە ژیانی ئەردەشیریش بووە دۆزەخ.

-من لە موزیک ژەنین زیاتر چ نازانم، ئیتر بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بم لە ژەنینی مۆسیقاو نزیک بمەوە لە دنیای هونەر، ناچار بووم ڕێگای هەندەران بگرمە بەر. هەڵبەتە وێرای هاتنی ڕژێمی ئیسلامی، من بەدزییەوە لە ماڵی خۆمان گروپێکی موسیقام دامەزراندبوو، بەڵام ڕژێم پێمانی زانیوو دەستیان کرد بەناڕەحتکردنمان.
ئێستاش ماوەی شەش ساڵە لە سوێد دەژیم، لەم ماوەیەدا چەندان ئاهەنگمان بۆ کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان و زۆرجار بە نیازی کۆکردنەوەی یارمەتی یاخود ڕێزگرتن لە ڕووداوە مێژووییەکان و ... گێڕاوە.

"بەبیرم دێ کە منداڵ بووم، نەمدەزانی بڵێم سەید ئەسغەر، دەموت دایە گۆرانی سەید ئەسکەریم بۆ لێدە"

*ئەردەشیری زەبەردەست لەم ماوەیەدا یارمەتییەکی زۆری گۆرانیبێژەکانی داوە لەوانە: مەزهەری خالقی، ناسری ڕەزازی و چەند هونەرمەندێکی تر.

-بەداخەوە بەهۆی نەبوونی توانای ئابوریەوە، ئێمە نەمانتوانیوە بانگهێشتی ئەو گۆرانیبێژانە بکەین کە لە سوێدا ناژین.هەر بۆیە لەم چەند ساڵەدا پترلە گەڵ ناسری ڕەزازیدا پرۆگرامامان هەبووە.

*ئەردەشیر سەرەڕای هەموو کار و ماندووبوونی تا ئێستا تیپێکی مۆسیقای جێگیری نییە. خۆی دەڵێ: هەموو شتێ بە

www.arsivakurdi.org

کچەوە کە بە دەم ئاوازی مۆسیقاکەوە دەشنانەوە ... لە ناخەوە حەزم دەکرد منیش وەک ئەوانەی دەورووپشتم دیلانێ بە باسک و قولّم بکەم و جاروباریش لە لەرانەوەی ئاوازەکاندا لەش و لارم بلەرێنمەوە، بەلاّم مۆتەکەی "عەیبە" سواری سنگم بوو بوو، نەک ئەو حەزەی لە بیر بردمەوە، بەڵکو هەندێ جاریش لە ترسی ئەوەی نەوەک برادەرێک پەیدا بێ و پێم بلّێ ئەوە "عەیب" ناکەی بووی بە سویدی، رادەچڵەکیم. ئیتر شوێنەکەم بە هەلکێشانی هەناسەیەکی ساردەوە جێهێشت و لەوێوە وەری کەوتم . ئەم نموونەیە تەنها مشتێکە لە خەروارێک کە من پێم وایە ڕۆژانە هاوتەمەنەکانم بەرەو ڕووی دەبنەوە و حەز



تەنانەت بۆ پیاوانیش عەیبە. وێنە: ئاری فواد

ویستەکانیان دەبنە ئاغزە جگەرەی ژێر پێی کۆمەڵێک دەستووراتی نابەجێ و دواکەوتوو.ئێمە دەکرێ لە ناو خۆماندا بە زەینتر بین لە مۆنە باوەکان، ئاگاداری "موناعاتی" یەکتری بین و خۆمان بە شتی بێ بەها و ناپێویستەوە خەریک نەکەین و عەیب و ناعەیب بەر دەست و چاومان نەگرێت. یارمەتی و پشتیوانی یەکتری بکەین و بە پلەی سەرەکی هانی یەکتر بدەین بۆ کاری چاکەو وەلاوەنانی کاری خراپە! یەکترمان خۆش بوێت و دژایەتی کەم بکەینەوە، هێندە قسەو باس لەسەر کارو کرداری یەکتر نەکەین و دەبا ئازادی تاکەکەسی بپارێزین! چونکە هەموو داهێنانێک و پێشکەوتنێک لەئازادی بوون دایە. هەروەک پیکۆی، جیهانی ئامۆژگاری دەڵێ:

" نابێ ئازادی لە خەلک بسەندرێتەوە کە لە کاتێکدا مرۆڤ خۆی بەئازادی لەدایک بووە"

# پرسیاری خوێنەران لە خوێنەران ؟



* کچ : نازانم بۆ کوڕانی کورد کە کچێکی کورد دەبینن ئیتر یان ئەپەشۆکێن یان قاچیان وەک **"سپاگێتی ئاسا"** دێ بەیەکدا یان کەپوویان بەرز دەکەنەوە ، نازانم گەرەکیانە بڵێن چی ؟

من دەپرسم کوڕی کورد چ نازێ بەسەر کچی کوردا دەکات ؟ بۆچی ناز دەکەن ؟ بە چ مافێک ؟

لە کاتێکدا ئەوان یەک زەڕە ئامادە نین نازی کچی کورد هەڵگرن؟!

*کچ: تا ئێستاش کیژانی کورد چەندە ڕۆشنبیرو هۆشیار بن هەر لەسەریان دەکەوێت، "بە دزیشەوە" بە کوڕان بڵێن کە دڵیان پێیا نەوەیە و ئاشقیانن .. هەردەبێت کوڕان دەست پێش خەری بکەن ، من دەپرسم لەو کوڕانەی خۆ بە ڕۆشنبیر دەزانن ، ئایا پێتان نەنگی نیە، ئەگەر کچان ئەم دەرگایەبخەنە سەرپشت؟ پێتان کارێکی نامۆ نییە؟ ئێوە دەڵێن کوڕان دەبێت بچنە پێشەوە لە کچان یان کچان لە کوڕان ؟

* کوڕ : من تێ ناگەم لە هەندێک کەسی "کورد" کە هەمیشە هەوڵ دەدەن وا خۆ دەرخەن و خۆ نیشان بدەن کە گوایە شارەزایی هەموو مەیدانێکن ... موناقەشەی هەندێ بابەت دەکەن کە لە سنووری توانایاندانیە،

وەک ئەوەی بیانەوێ لە هەمان کاتدا نووسەرو کۆمەڵناس و پزیشک و سیاسی و موسیک ژەنیش و ئەکتەریش بن .. "بیرم چوو لەسەر مەکینەی تەیارەش شتێک هەر بزانن " ؟

**تکایە گرفتەکانتان بکەن بەپرسیار، با هاوخوێنەراکانتان وەرامتان بدەنەوە، دیـــــــدار.**





www.arsivakurd.org

# عەیبەی نائەیب گۆشتیشمان دەخوات و ئێسک و پروسکیشمان دەشکێنێ!

نووسینی: قومری ئەحمەد عەلی

**هاوڕێکانم** لێم مەگرن و خراپیشم تێمەگەن: "چونکە تەنیا جیاوازی نێوان من وشێتێک ئەوەیە کەمن شێت نیم"ئیدی هەر بۆیەش هەوڵ دەدەم بە پێی توانای سنورداری خۆم لەم چەند دێرەی خوارەوەدا چەند تیشکێک بخەمە سەر هەندێ راستی نەژاکاو، کەمێک غەمی دڵ بە با دەم و لە پەنجەرەی تەمگرتووی ئەم غوربەتەوە بڕوانمە ژیانی پەرت بووی خۆم کە ئەویش وەک باری ژیانی هاونیشتمانییەکانم وایە. لە وڵات دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی دەرگای ژیانیان قفڵ کردووین و کام و هیوایان بۆ ژیان «وەک تلیاک لێ قاچاغ کردووین." تەنانەت سروشت و ئاو و هەواشیان بە ژەهر سواخ دا و رشاندنیانەوە! قەدەغە کردنی هەموو هەستێکی نەتەوایەتی بۆتە ئەرکی ئەمرۆی دەوڵەتە داگیرکەرەکان. ئەوەی دەمێنێتەوەش ، سادەترین هەست و ناسکترین خواست و ساناترین ئەرکێکە کە بۆتە قوربانی دواکەوتوویی باری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی. ئیدی بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ هەر یەک لای خۆیەوە و لە خێزانی خۆیەوە وەڕێی دەخات و هەڵیدەکشێنێ بەرەو لوتکەی نەزانین.کە دیارە زیانی لە کردارەکانی دوژمنان زیاتر نەبێت کەمتر نییە، چونکە رێگا لە گەشە کردنی ژیانی شارستانی دەگرێت و ناهێڵێت مرۆڤ دەستبەرداری نەرێتی کۆنە باوەکان و رێنومایيە جەبرییەکانی ئاینی ئیسلام ببێت. ئێوە خوتان باش دەزانن کە وشەی "عەیبە" چۆن بۆتە بەڵا و کۆت و زنجیری خستۆتە گەردن و پێمانەوە. ساناترین نموونە بۆ ئەوەی لە جەوهەری باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، نموونەی گوێ لە مۆسیقا گرتنە. ئەگەر هەریەک لە ئێمە گوێ لە مۆسیقایەکی بیانی واتە غەیری کوردی بگرین دەبێتە عەیبە، ناچار دەبێ بە دزییەوە بێت، یاخود چوونە هەندێ جێگای تایبەتی، یان لەبەرکردنی هەندێ جل و بەرگی گوایە نامۆ بە کوردان. یان بیرکردنەوە بە شێوەیەکی تایبەتی کە خۆت گەرەکت بێ، تەنانەت باوەڕ بوونت بە کۆمەڵگایەک کە "ئازادی ژن پێوانە بێ بۆ ئازادی کۆمەڵەکە" ئەوا دەبنە عەیبەو هەر یەک لە وانە کۆمەڵێک قسە و قسەڵۆکی پاشکۆ دەبێت کە خۆی لە خۆیدا بە ئازاد بوونی ئەو شتانەیە مرۆڤ و کەسایەتی کامل دەبن و رێگاش لە خۆخواردنەوە و نەخۆشییە دەروونییەکان دەگرن.

مرۆڤ کاتێک هەست بە ئازادی خۆی دەکات،



لەوڵاتی خۆمان تائێستا پاسکیل لێخوڕین

کە مەودای بیرکردنەوەی فراوانی هەبێت و بە ئارەزووی خۆی بڕوانێتە جیهانی دەوروبەری، کە مێشکی داگیر نەکرابێت و بتوانێ حەز و ئارەزوو، و ویستەکانی بە دڵی خۆی دابین بکات و"مێشکیشی لە خەسان ئازاد بووبێ".

کاتێ "فیستیڤاڵی ئاو" لە ستۆکهۆڵم بوو، منیش بە هیوای چێژ لێوەرگرتن و بینینی شتی سەیر و سەمەرەوە چوومە ناو شار، بینیم تیپێکی مۆسیقای بیانی کە زۆر بە گەرم و گوڕییەوە مۆسیقا و گۆرانیان پێشکەش دەکرد. ئیتر منیش مەلی سەرنجم بەرەو لای ئەوان فڕی و کەوتمە ناو پۆلێ کوڕ

www.arsivakurdi.org

# وەڵامـــــــی خوێنەران بۆ خوێنەران

***من** پێم خۆش بوو وەڵامی ئەو برادەرەعەزیزگەلە بدەمەوە کە لە دیداری ژمارە (٨،٧)دا پرسیبوی ئایا ئەو کوڕانەی خۆبە پێش کەوتوو دەزانن و لە تەک کچە ئەوروپاییاکاندا دەژین هەمان شت لە کچی کورد قبوڵ دەکەن ئەگەر نایکەن بۆچی وا دووڕوون و خۆ هەڵدەخەڵەتێنن؟ زۆر جار سوپاسیشیان دەکەن!*

– بەڵێ ڕاستە سوپاسیان دەکەن! دەبێت بیکەن، ئەگەر ئەوان ئەو مامە حەمەییە نەکەن، ئەوا دەبێت جانتاکانییان هەڵگرن و بارو هەوارگەیان بگوێزنەوە! دیارە زۆر لەو کچە ئەوروپییانەی لە گەڵ کوڕە بێگانەکاندا دەژین،لەزۆرشتی خۆیان دەبورن و زۆرجاریش شیرازەی خێزان وپەیوەندیان لەگەڵ هاوڕێکا نیشیان تێک دەچێت. هەڵبەتە ئەمە هەموو جارێک ڕوو نادات پەیوەندی ئاسای و سەر کەوتوش هەیە. بۆ وەرامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەت،




*لە ڕێگای پرسیارو وەرامەوە زیاتر شارەزای گرفتەکانی یەکتر دەبین.* *وێنە: ئاری فواد*

ئایا ئەوان هەمان شت لەکچی کوردی پەسند دەکەن یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوکاتە ڕوون و ئاشکرا دەبێتەوە کاتێ کچێکی کورد پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی بێگانەدا هەبێت، دەبینین چۆن کوڕەکان ڕەگی ملیان دردەپەڕێت و چەندە ناڕەزایی دەردبڕن..... کەواتە نەخۆشییەکە لە خوێنییاندایە، ئەگەر نا هەموو ئەوکوڕانەی لە گەڵ کچی ئەوروپایدا دەژین سوور دەزانن ئەوکچانە پێش ئەوان بەلای کەمەوە لەگەڵ چەند کوڕێکی تر بوون، کەچی ئەم شتە لەوان قەبووڵ دەکەن، بەڵام ڕازینین کچێکی کورد بهێنن کە کەمترین پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووبێت.

*مینش هەروەکو تۆ بەلامەوە سەیرە!*

*هیـــــــــوا*

***من** دەمەوێت وەڵامی ئەو هاوڕێیە بدەمەوە کەدەپرسێ ئایا مەبەستی کچەکوردەکان لە شەوە ئاهەنگە کوردییەکاندا تەنها هەڵپەڕینە یاخوود دۆزینەوەی هاوسەرێکیشە، ئەگەر وایە بۆچی وا لوت بەرزو لە خۆ باین؟*

پرسیارەکە زۆر لەجێیە من وەکو کچێکی کورد خۆم لەم پرسییارەدا دەناسمەوە.

بائەو برادەرە و تۆش کەئەم نوسراوەت لەبەر دەستدایە بزانن کە بێ شک هەم کچەکان، هەم کوڕەکانیش بۆئەوەی هاوڕێیەک بدۆزنەوە و لەنزیکەوە بیبیان نا سن بۆ شەوە کوردیە کان دێن.

بەڵام مخابن زۆر لە کچەکان بەدڵێکی گەرم و هەسیتێکی زۆر ناسکە وە دێن بۆشەوئاهەنگە کوردیەکان، کەچی زۆر جار لەناوەڕاستی شەوەکاندا دڵ سارد دەبنەوە و دەیانەوێت ئاهەنگەکە بەجێ بهێڵن. ئەویش بەهۆی نا شرینی هەڵسوکەوتی هەندێک لەکوڕانەوەو نەزانییان لە دروست کردنی پەیوەندی دایە. زۆر جار هێندە بێ ڕەوشتانە دێنە، پێشەوە، کچان بێزییان لێ دەکەن. ئەگەرنا ئەڕاچی؟ پێم وانییە هیچ لەکچە کوردەکان دژی ئەوەبن کوڕێکی کورد بناسن و ببن بە هاوڕێییان. بۆ مەسەلەی لوت بەرزیش ئەوا زۆر ئاشکرایە! ئەگەر بێت و کچێک تۆزێک کراوەبێتت و بەدەم کوڕێکەوە پێبکەنێت، ئیتر کوڕەکە وادەزانێت کچە حەزی لێکردوەو زۆر بەهەڵە شتەکە وەردەگرێت. جالەبەرئەو هۆیە کچان وابەباش دەزانن تۆزێک لوت بەرز بن، بۆ ئەوەی کوڕان بەهەڵە تێنەگەن.

*خۆ بەهەڵە تێم ناگەی؟*

*شـــــــــەونم*

# سەرنجی کیژانی کورد

## -لای

*من کوڕی کورد لەبەرچاو سەنگین و سەرنج ڕاکێش نابێ کاتێ سەر و قژی چەور کردبێ و لەسەر مۆدێلی ئەورووپی سەری تاشیبێ و وەک ئەوان جل و بەرگی پۆشیبێ.* گرینگ ئەوەیە خاوێن و ڕۆح سووک بێت و لە کاتی ئاخافتندا لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا گوێ قوڵاخ بێ، نەک پرسیاری بێ پایان بکات و گرینگی نەداتە وەرامی بەرانبەرەکەی. هەڵبەتە لەبەرچاوگرتنی هەندێکیان گوێ نادەنە خەڵکی ترو هەراسانیان دەکەن.

-خۆڕازاندوە بۆ ئاهەنگ و پۆشینی پۆشاکی جوان و بەکار هێننانی بۆنی دونیا بێ سوودە، لە کاتێکدا لە گەرمەی هەڵپەڕینا کوڕێک دێتە دەستتەوە و بۆنی چڵک و ئارەقەی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات. ئەگەر چی لێرە دەتوانن بەنرخێکی کەمێکیش بێت بۆنێکی باش بکڕن ئێمەش لەو بۆ نە ناخۆشانە ڕزگار بکەن.



# لەسەر کوڕانی کورد

ئەم خاڵە زۆر گرینگە بۆ هەموو کەسێ کە تێبینی بکات و وردبین بێت.

- کێ حەزی لە بۆنی گۆرەوی پیس و دڕاوو بۆنی قاچ و بن باخڵ هەیە و بێ دەنگ دەبێت لێیان ؟!

زۆربەی کوڕان ئەم کێشانەیان هەیە مرۆڤ خۆ ناتوانێت بێ دەنگ بێت، ئەگەر قسەش بکەیت ئەوا کوڕەکە بریندار دەبێت.

بۆ ڕزگار بوونمان لە بۆنی ناخۆش ڕێنومایی دەکەم بە کڕینی ئەم بۆنانەی خوارەوە:

Jovan musk-Xs - Fehrenheit-chanel -Magneic -Delicious.

## وازهێنان لە جگەرە ئاسان نییە

زۆر جگەرەکێش کە خوویان بە جگەرە گرتووە دەیانەوێ واز لە کێشانی بێنن، بەڵام هەندێکیان وا بە سانایی لە چەنگ جگەرە ڕزگار نابن.

ئەمڕۆ بۆ یارمەتی جگەرەکێشان بنێشت و چەسپی نیکۆتین هەیە. تەنیا لەشی مرۆڤ نییە لە پاش چەند ساڵ بەکارهێنانی تووتن، پێی ڕا دێت، بەڵکو زۆر هۆکاری دیکەش هەن کە دەروونین - ئەی کاتێ دانیشتووم و قسە دەکەم چ لە دەستەکانم بکەم - باشترین ڕێگا بۆ وازهێنان لە جگەرە ئەوەیە بە یەکجاری لێی دابڕێی، بەرە بەرە کەم کردنەوەی جگەرە بۆ زۆر کەسان کارێکی ئاستەمە.

کارێکی دیکەش کە دەبێ دۆست و ئاشنا و کەس و کاری تۆی جگەرەکێش ڕەچاوی بکەن ئەوەیە کە لەم ڕێگایەدا بۆ سەرکەوتن هانت بدەن.

هەفتەی یەکەم لەوانەیە تووشی هەندێ نارەحەتی وەک کوڕانی بەستانی خوێن، سەرگێژە و ئارەقە کردن بی، ئەگینا لە ڕاستیدا نیکۆتین تەنیا ٣ -٤ ڕۆژ لە لەشی مرۆڤدا دەمێنێتەوە و وات لێدەکا وا بزانی لەشت پێویستی پێ هەیە. سەرکەوتوو بی لە فڕێدانی جگەرەدا!

سەرچاوە :
Sluta snacka skit om droger.

www.arsivakurd.org

## پاشماوەی دیسانەوە باسە بفەکە!

دەمارگیرییەی ئەوروپا ئاسەوارێکی نییە.

کیژی لادێی لای خۆمان سەربەستییەکیان لەو بوارەدا هەیە، ئەوەش بەیت و گۆرانییە کوردیەکانی بێبەش نەکردووە لە باسی ژوانی کیژ و کوڕان لە سەر ڕێی کانی یان بێری. فەقیر کچی شێخ و ئاغاش هەر لە کونی ژوورەوە دادەنیشن و خۆزگە بە کچانی ئاسایی لادێکەیان دەخوازن و دەیانەوێ لەو جیهانە وشک و بەستراوەدا ڕزگاریانبێت، لە شاریش ڕێگەی قوتابخانە، بەر دەرگای ماڵ، خوێندنی سەربان و نامە گۆڕینەوە و تەلەفۆن و....

لە لایەکی دیکەوە تەواوی ئەو شتانەی ئێمە لە لای خەڵکانی دیکە بە تاوان و گوناح باسیان لێدەکەین، ئێمەی کورد خۆشمان دەیکەین، بەڵام بە دزی و لە ژێرەوە. جا کاتێ سەیری لاوانی کورد لە وڵاتێکی وەک سویدیش دەکەین کە گۆڤار و رۆژنامە نییە هەر رۆژێ بە چەشنێ باسی سێکس نەکات، دەبینین ئەوان تووشی سەرلێشێواوی دەبن. نموونەش ئەو لاوانەن، بە تایبەت ئەو کوڕانەن کە زۆر میکانیکی و لاسایی کەرەوانە سێکس لێک دەدەنەوە.

بۆ پێتان وانییە کە زۆر باشتر دەبێ ئەگەر ئێمە بە زمان و بە گوێرەی داب و نەریتی خۆمان باسی ئەو گرفتانە بکەین، کە زۆریش گەورەترن لەوەی ئێوە پێتان وایە؟

زۆربەی لاوەکان بە بیستنی وشەی سێکس بیر لە فیلم و گۆڤارە پۆرەکان دەکەنەوە. کەچی سێکس بریتییە لە: هەموو ئەو هەست و هەڵسووکەوتانەی کە ئەندامانی زاوزێ دەبزوێنێ و پەیوەندییان بە ژیانی مێیەتی یان نێرەیەتیەوە هەیە.

واتە کاتێ دوو دڵدار بەرانبەر یەکتر دادەنیشن و دەڕوانە یەکتری، ئەمە سێکسە. یان رۆژانە زۆر جار مرۆڤ هەڵسان و دانیشتنی لە گەڵ ڕەگەزەکەیدا هەیە و دەستیش لەگەڵ یەکتری لێدەداتەوە، بەڵام هەر ئەو دەست لێدانەوەیە ئاساییە، لە گەڵ یارەکەتدا دەبێتە هۆی بزواندن و خولقانی هەستێکی دیکە. هۆی ئەمەش ئەوە ئەو هەڵسوکەوتە ساکارەیە کە لای ئێوە بە سێکس لێک دەدرێتەوە.

لاوانمان لە بەر نەبوونی مەودای ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی لە پێوەندی نێر و مێ بگەن، زۆر جاران روو دەکەنە گەنداوی پۆڕەوە. جا لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە باس لەم گرفتە بکەین، تا لاوانیش باسی ئەم شتانە با مافی خۆیان بزانن و بە سەغڵەت نەڕواننە داب و نەریت و کولتووری کوردەواری.

# دەنگی خوێنەران

*نامە و بەرهەمە ڕەنگینەکانتان گەیشت، زۆر سوپاس و پێزانینی بێ پایانمان هەیە و بەهیوایین لەهاریکاریتاندا بەردەوام بن، سوپاسی تایبەتیمان هەیە بۆ کارتی جەژنە پیرۆزەتان. تەنیا پێمان خۆش بوو ئاگادارتان بکەین کە مەرج نیە بەرهەمەکانتان لەژمارەکانی داهاتوودا رووناکی نە بینن، بەهۆی لەبەر چاوگرتنی زۆر لایەن،تەنیا بەشێکی سنوردار دەتوانین بۆ هەر ژمارەیەک هەڵبژێرین.*

مەسعود مەونەویی – یاقلە
محەمەد فەتحوڵا سەعید – هەولێر
فەرەیدون مورادی – پاکستان
هیوا قادر – ستۆکهۆڵم
شیلان تیموری – کەنەدا
بێستون بەک ر- ڤێستەرۆس
سەرهەنگ. ب – هۆڵەند
یوسف ئیبراهیم – کاترینەهۆڵم
ڕەسوڵ قادر – ستۆکهۆڵم
بەختیار تاهیر – یونان
کاوە عەلی – مۆسکۆ
سەیران بەکر – کوردستان
مەهدی مەحەمەد – فینلەندا
ئالان ئەمین – ئوپسالا
پێشرەو شوانی – هۆڵەند
یوسف نایب – ڤێستەرۆس
ئاواز ئەحمەد – دانیمارک
جەزا چنگیانی – مەڵبەندی ڕۆشنبیری – ئەڵمان
سەیوان کارسۆس – نۆرویژ
سمکۆ تەلانی – ئوپسالا
ب. گوڵ مەحەمەدی – ڤێستەرۆس
نۆڤا لەتیف – سلێمانی
ناسری ڕەزازی – ستۆکهۆڵم
کامەران غەریب – لەندەن
ناسر خەیام – سەقز
لەیلا حوسێن – فینلەندا
دڵشاد نورەدین – فینلەندا
نەوزاد گۆمەیی – دانیمارک
تابان ڕەسوڵ – واشینتۆن
کاروان مارف – ستۆکهۆڵم
ئاریان مەحزونی – ئیتالیا
زیلا مەجید – فینلەندا
شوان بەکر – ستۆکهۆڵم
گوڵاڵە مستەفا – دیمەشق
سروە حەمەڕەشید – شنۆ
ڕێبوار سالح – چەمچەماڵ

www.arsivakurd.org

# دیسانەوە باسە بقەکە!

نووسینی: نەشمیل ئارام



**وتارەکەی** کاک «شەماڵ» بە ناوی "لاوان و گرفتێکی شاراوە" لە دیداری ژمارە پێنجدا، کردنەوەی مەودایەک بوو لە سەر پێوەندی سێکس و لاواندا. مەخابن، هەڵمەتی هەندێ کەس بۆ سەر نووسراوەکە، کە بە راشکاوی دەتوانم بڵێیم نەیانخوێندبۆوە یانیش لێی تێنەگەیشتبوون، بوو بە هۆی سازبوونی گفتوگۆیەکی بێ ئەنجام و کردنی باسەکە بە بقە.

بۆیەش من بە پێویستی دەزانم دیسان تیشک بخەمەوە سەر ئەو باسە، هیواداریشم بەر لە خوێندنەوە نەیکەن بە ماڵ لە سەرم و ئەمجارە بەردێکی زلی لە سەر دانەنێ و ئێوەی خوێنەریش بۆ درێژەپێدانی باسەکە لە گەڵماندا بەشدار بن.

—بەبیرم دێ لە تەمەنی هەرزەکاریمدا زۆر جاران شەرمم دەکرد لە لای بابم گوێ لە گۆرانییەکی کوردی بگرم، چونکە زۆربەی گۆرانییەکان پڕبوون لە باسی سینگ و ماچ و پوزی خڕ و ....، ئەوە تەنیا گۆرانییەکان ناگرێتەوە، نەقڵ و بەیت و هۆنراوەکانیش دەگرێتەوە. بۆ ئەوەش نموونەی رەسووی نادری و شێخ ڕەزا و ... ناهێنمەوە، ئێوە چاو لە رشتەی مرواری مامۆستا سەجادی، یان هەندێ لە شێعرەکانی نەمر نالی بکەن،یانیش وەرن با بە یەکەوە سەیرێکی "مەم و زین"ی "خانی" (نووسینەوەی موکریانییەکەی مامۆستا هەژار) بەشی ژوانی مەم و زین لە باغی میردا بکەین:

*دوو تازە نەمام لە یەکدی هاڵان*
*تاڵانە مژینی لێو و خاڵان*
*نۆشیان مەی دڵتەڕی لە لێوان*
*نە ژمارە لەوێ هەبوو نە پێوان*
*کوڵم و چەن و لێو و سنگ و گەردەن*
*هەر یەک دەم و دەستی بە دەبردن*
*سەر بوو نە گران لە سووکە ماچان*
*هەر دەرد و کەسەر بوو دادەپاچان*

ئەگەر سەیرێکی گوندەکانی کوردستانیش بکەین، دیسان ئەم دیاردەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ و دەبینین کە لەو شوێنانەدا، ئەو

www.arsivakurd.org

# پێشانگایەکی غەمگین




"من دەمەوێت لەڕێگای هونەرەکەمەوە ئەشکەنجەی میللەتەکەم بەخەڵکی ئەوروپا بگەیەنم"، مەسعود دەڵێ. وێنە: بەرتیل هێل بووم

**ئامادەکردنی: مژدە**

هونەرمەند مەسعوود مینویی لە کەمپی پەنابەران لە «سکوتشار"Skutskär" لە ٢٢ تا ٢٩-١١-١٩٩٣ پێشەنگایەکی هونەری کردوە. کردنەوەی پێشەنگایەکی هونەری لە کەمپی پەنابەراندا خۆی لە خۆیدا کارێکی گران و، پێداگرتن و هەست کردنە بە لێپرسینەوەیەکی تایبەت بەرانبەر بە بوون و کێشە جۆراوجۆرەکانەوە.

پێشانگاکە بریتی بوولە چل تابلۆ، دوو هێڵی تەکنیکی لە ڕەنگ، هێڵ بە خۆوە دەگرێت، ڕەنگ لە گەڵ هێڵەکانی بەیەکدا چوونێکی چڕ پێکیانەوە دەبەستێتەوە.

کارەساتی ئاوارە بوون، تێرۆریزم، کۆلۆنی کردن، ڕاسیزم و چەوسانەوەی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکانی ژیان، چیرۆکی تابلۆکان پێک دەهێنن. ڕەنگەکان گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی ئەو مەرگە ساتە گەورانەی مرۆڤایەتییە؛ بە هەمان شێوە هێڵەکان بە چەندین ئاراستەی تیژ و خێرا دەبێتە تەواوکەری زنجیرەی ڕەنگە تاریکەکان.

پیرۆزبایی لە هونەرمەندی لاوی کورد کاک مەسعوود دەکەین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

*کاک مەسعوود یەکێ لە یارمەتیدەرانی گۆڤاری دیداریش بووە و وێنەی بەرگی دیداری ژمارە ٦ ی، بە دەستە ڕەنگینەکانی کێشاوە. دووبارە سوپاسی دەکەین.*

## گۆرانی ناسری ڕەزازی

# بەپیرۆز بێ

بە پیرۆزبێ پیرۆزبێ جەژنی لە دایک بوونت
دنیا بە تۆوە خۆشە کە مانای هەیە بوونت
ژین بزەی کەوتە سەر لێو کە تۆی بە خۆوە بینی
شنەی ئەوین هەڵی کرد، پیرۆزترین ئەوینی
بە پیرۆزبێ پیرۆزبێ جەژنی لە دایک بوونت
دنیا بە تۆوە خۆشە کە مانای هەیە بوونت
لە گەڵ یەکەم تریفەت زەمان پشووی هاتە بەر
چ دڵگرە بە تۆوە خۆر لە ئاسۆ هاتە دەر
ژین بزەی کەوتە سەر لێو کە تۆی بە خۆوە بینی
شنەی ئەوین هەڵی کرد، پیرۆزترین ئەوینی
بە پیرۆزبێ پیرۆزبێ جەژنی لە دایک بوونت
دنیا بە تۆوە خۆشە کە مانای هەیە بوونت

www.arsivakurd.org




*لاوەبێگانەکان دەنگیان زلە لەپاس و ترێندا . وێنە: ئاکۆ*

**ناو: فرێدریک یوهانزن –٢٠ساڵ(Fredrik Johanzn– 20år)**
**قوتابی پەیمانگەی رۆژنامەنووسی.**

من بە بوونی قوتابی بیانی لە پۆلەکەمدا گەلێ خۆشحاڵم، چونکو مرۆڤ بەمجۆرە زیاتر شارەزا دەبێت و باشتر لە گرفتەکان دەگات. زۆر جار ئێمەی سوێدی وادەزانین هەموو شتێکین، بەڵام کاتێ بێگانەیەک دەناسین و ئەو باسی کولتووری خۆیانمان بۆ دەکات، ئینجا دەزانین ئێمەش لە هەموو بوارێکدا پێشکەوتوو نین. بەڵام من دژی ئەوەم کاتێ لاوان بە کۆمەڵ دەگەڕێن و هاوار دەکەن.

–ئەوەی من لە سەر کوردستان دەزانم ئەوەیە کە:

نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی جیهانە کە خاوەنی سنووری یاسایی خۆی نییە، لە نێو چوار وڵاتدا دابەش کراوە و بۆ مافی خۆیان و لە پێناو ئازادیاندا دەجەنگێن. دەزانم کە (P.K.K) رێکخراوێکی کوردییە و لە تۆش زیاتر هیچ هاوڕێیەکی کوردی دیکەم نییە.

# کۆماری مەهاباد و هەڵکردنی ئالای کوردستان

نیشتمانپەروەر محەمەد مەحمود کە کوردی باشووری کوردستانە لە خوتبەیەکی سیاسیدا لە ئاهەنگی هەڵکردنی ئالادا لە شاری مەهاباد باسی پێکهاتنی ڕەنگەکانی ئالای کوردستان دەکا و دەڵێ: ڕەنگی سوورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە. ڕەنگی سپیم دەڵێ میللەتی کوردی نەجیب گیانێکی پاک و ڕاستی هەیە. ڕەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردستان پڕە لە دەغل و دان و کانگای زێڕ و زێوە.



*ئالای کوردستان لەکاتی شەکانەوەیدا .وێنە: ئاری*

گوڵە گەنم و جۆ کەش هەمیشە لە پێش چاوتە و پێت دەڵێ هەوڵ بدە و ئیش بکە و وڵاتت بەرز بکەرەوە.کردگاریش تیشکی ڕۆژی خۆی بە سەر هەموو سیفاتی جوانی مرۆڤدا بڵاو دەکاتەوە و جوانتر دەکات.

یەکەم ڕۆژی هەڵکردنی ئالاکەش ڕۆژی بیست و شەشی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ هیجرییە"١٩٤٥" تەواوی نوێنەرەکانی کۆماری کوردستان لە مەهابادا کۆ بوونەوە. بە هاندانی سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵیان کوتایە شارەوانی مەهاباد، کە دوا نیشانەی ڕواڵەتی دەسەڵاتی تاران بوو. پاش تەق و تۆقێکی کەم شارەوانیان گرت و ئالای حکومەتی ئێران داگیرایە خوارەوە و ئالای کوردستان بەرزکرایەوە. لە کاتژمێری دەی بەیانی لە بنکەی ناوەندی حیزب بە ئامادەبوونی هەزار کەس ئالای کوردستان لە کاتێکدا دەستەی مۆسیقا مارشی میللی لێدەدا، لە سەرتاسەری شەقامی وەفاییدا ،سەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و سەرنێزەیان دەدرەوشایەوە، دەستەی لاوان و قوتابییەکانی قوتابخانە بە کچ و کوڕەوە لای ڕاستی ئالای کوردستانیان گرتبوو و لە حەرەکەتدا بوون. گەورە و بچووکی مەهاباد و وەفدی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات لە بەرانبەر ئالای کوردستاندا سەری ڕێزیان دانواندبوو.

بۆ ڕێز چەپڵەیان لێدەدا و هووڕایان دەکێشا. پێشەوای کوردستان، قازی موحەمەد وتارێکی بەتینی سەبارەت بە ئالای پیرۆزی کوردستان خوێندەوە. دوایی بە تەقە و شایی ئاهەنگەکە دوایی هات و ئالای پیرۆزی کوردمان لە سەر بەرزایی ناوەندی کۆمار هەڵکرا.

**سەرچاوە: حکومەتی کوردستان، لە گەمەی سۆڤییەتیدا**
**نەوشیروان مستەفا**

www.arsivakurdi.org

ناو: می برۆتەگۆرد . ٢٤ ساڵ

قوتابی پەیمانگای ڕادیۆ (MI Brötegård- 24 År)




لاوە بێگانەکان وادەزانن ئێمە هەموو بەرەڵاین. می دەڵێ.

-من تا ڕادەیەک هەڵسوکەوتم لە گەڵ لاوە بیانییەکاندا هەبوو، دیارە شتی خراپیشم لێ بینیون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بوونی ئەوانم لەکۆمەڵگاکەمان پێ باشە، باشتریش دەبێت ئەگەر زێدەتر تێکەڵاوی لاوە سوێدییەکان بن. بەڵام ئەگەر زمان باش نەزانن لەوانەیە بە هەڵە لە یەکتری بگەین، بۆ سوێدییەکانیش سەختە کار لە گەڵ کەسێکدا بکەن کە بە باشی نەتوانن لێی تێبگەن. کەواتە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن تێکەڵاوی کۆمەڵگاکە بن، زۆر باش دەبێ ئەگەر هەوڵ بدەن زمانەکە بە باشی فێر بن.

-لەبەرئەوەی ئێمە هەردەم ئازادی ئەوەمان هەبووە هەر کارێکمان پێ خۆش بێ، بیکەن، لاوە بیانییەکان وا تێدەگەن کە ئێمە بەرەڵڵاین، بەڵام ئەمە مانای بەرەڵڵایی نییە لە سوێد. زۆر جاریش لاوە بیانییەکان هەڵسوکەوتی نابەجێ دەکەن و پێیان وایە ئەو کچەی دێتە دیسکۆ تەنها بۆ ئەوە هاتووە کوڕێک لەگەڵ خۆیدابەرێتەوە، ئەمە هەڵەیە! بۆیە هەندێ سوێدی بە چاوی سووکەوە سەیری بیانییەکان دەکەن.

-لەمەڕ کوردستان ئەوەندە: کە وڵاتێکە لە نێوان چوار وڵاتی تردا پارچە پارچە کراوە، ئێستا بەشێکی ئازادە و هەڵبژاردنێکی لێکرا کە ژنانیش تێیدا بەشدار بوون.

# چاوی سوێدیەکاندا

وێنەکان: ئاکۆ

ناو: هێنریک ئۆستۆنسۆن . ٢٤ ساڵە

قوتابی پەیمانگای ڕۆژنامە نووس (Henrik Östensson-24 år)



باڵ فش کردنەوەی لاوە بێگانەکان، سوێدیەکان دەترسێنێ،هێنریک لای وایە.

-من پێم خۆشە لاوی بیانی بناسم و گفتوگۆ بکەین، لام وایە دەتوانین بەیەکەوە کەموکوورییەکان پڕ کەینەوە. من شتێکی تایبیتیم دژی بێگانەکان نییە، بەڵام وەکو گەنجێکی سوێدی هەست بە دڵگرانی دەکەم کاتێ دەبینم لاوە بیانییەکان بە کۆمەڵ دەگەڕێن و بە دەنگی زۆر بەرز لە پاس و ترێندا قسە دەکەن. ئەوە بۆ من زۆر ئاسایی نییە، هەندێ جاریش زۆر خۆ بە زل دەزانن و لە کاتی ڕۆیشتندا هەر دوو قۆڵیان فش دەکەنەوەو لە گۆشەی چاوەوە سەیری ئێمەی سوێدی دەکەن و وادەزانن ئێمە هەموومان ڕاسیستین! ئەمە دژی پرنسیپی سوێدییەکە! من خۆم تا ئێستا هاوڕێی کوردم نەبووە، سەبارەت بە کوردستانیش هەر ئەوەندەی دەزانم کە وڵاتێکە لە نێوان چوار وڵاتی تردا دابەش کراوە و لە بارێکی زۆر نارێکو ئاڵۆزدا دەژین، هەروەها پێم وایە جارێ لە مێژوودا وڵاتێکی سەربەخۆیان بووە. دەشزانم کە "P.K.K" ڕێکخراوێکی کوردی و شەڕانییە.

www.arsivakurd.org

**دیدار بە پێویستی زانی لە گەڵ چەند لاوێکی سوێدی چاوپێکەوتنێک سازبکات، بۆ ئەوەی تا رادەیەک ئاگاداری رای ئەوان سەبارەت بە پەنابەران و هەڵسوکەوتی بێگانەکان بین و بزانین ئەوان سەبارەت بە کوردستان چ دەزانن.**



جیاکردنەوەی روالەتی بێگانەکان سەختە بەلای سوێدیەکانەوە.

**ئەنیکا ئالهۆلم ۱۸ ساڵ قوتابی دواناوەندی**
**(Annika Ahlholm - 18 år)**

راو بۆچوونت سەبارەت بە لاوانی بێگانە چییە؟

چاک و خراپ، بەلام لە هەرحالدا وا چاکە ئێمە کەلک لە تاقیکردنەوەی یەکتری وەربگرین، کارە خراپەکان وەلانێین و لە کارە چاکەکاندا یارمەتی یەکتری بدەین. کە دیارە ئەمەش لە رووی کولتوورییەوە پێویستی بە زانیارییەکی تەواوە. بۆ وێنە هەندێ دەبێژن فلانە نەتەوە نەفام و دواکەوتووە، بەلام هەر میللەتەی رێرەوێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەوەش بەو مانایە نییە کە حەز و ئارەزوومان دەبێ هەمووی وەک یەک بێ. بۆیە مافی ئەوەمان نیە بەم جۆرە نەتەوەکان هەڵسەنگێنن.

ـ سەبارەت بە "کورد" وەک نەتەوەیەک چ دەزانی؟

من هیچ ئەزموونێکی تایبەتیم دەربارەی کورد نییە، بەلام دەزانم میللەتێکی خاوەن کولتوور و ئایینی تایبەتی خۆیانن، دیارە بۆم سەختە لە رووی شکلییەوە بتوانم کوردێ لە خەلکانی تری رۆژهەلاتی ناوەراست جیابکەمەوە، هەر وەک ئەوەی کە سانانییە بە رووکەش و روالەتا بزانی "مرۆڤێ بۆ کوێ دەچێ، ئەگەر نەزانی لە کوێوە هاتووە."

# تۆ لە گوشەی




دەزانم کە کوردستان لەنێوان سێ ولاتدا دابەش کراوە. ئۆسە دەلێ.

**ئۆسە لیماندەر ۲۱ساڵ، قوتابی پەیمانگای رادیۆ**
**( Åsa Limander- 21 år)**

—ئەو پرسیارە زۆر سەختە و من ناتوانم هەر وا بلێم بێگانەکان چۆنن! ئەوە پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، لە ناو هەموو نەتەوەیەکیشدا چاک و خراپ هەیە. من خۆم زۆرم هاموشۆی بێگانەکان پێ خۆشە، هەرچەند جاری وایە مرۆڤ بە هۆی کولتوور و شێوە بیرکردنەوەی جیاواز تووشی گرفت دێ، بەلام من تەنانەت گرفتەکانیش وەک ئەزموونێ دەبینم. دیارە زۆر جاران سوێدییەکان بە هۆی جیاوازی شێوەی هەلسوکەوتی بێگانەکان تووشی بێزاری دەبن، ئەوە بەسەر منیشدا هاتووە، بەلام من لە بارودۆخی بێگانەکان دەگەم و بەلامەوە سەیر نییە ئەگەر کارێکی نابەجێ لە بێگانەیەک ببینم.

—لەبارەی کوردستانیشەوە، زۆرشارەزانیم، هەر ئەوەندەیە، کاتێ وانەی سەرەتاییم دەگووتەوە، کچێکی نۆسلانە هەبوو دەیگووت خانووەکانی کوردستان وەک هی ئێرە نین، دەشزانم کە کوردستان پارچە پارچە کراوە لەنێوان سێ ولات و شەری تێدایە، "سەددام حوسێن "نیش هەرماوە.

# بەشی ئاشنایی

ئامادەکردنی: شلێر ئارام

**ناو: ئەڤین تاهیر**

**تەمە: ١٥ ساڵ**

**شوێنی لە دایکبوون: بەدلیس، باکووری کوردستان**

**شوێنی ژیان: ئوپسالا**

**بەرنامەی تەلەڤزیۆن: گلامۆر، دنیای زانست.**

**گۆرانیبێژی پەسندکراو: جوان حاجۆ**

**نزیکترین هاورێ: مێدیا سۆفی**



* کاتێ بەر لە سێ ساڵ و نیو گەیشتمەسوێد، زۆر شتی ئەم وڵاتە سەرنجی ڕادەکێشام و بەلامەوە نامۆ بوون. بە تایبەت ئارامی خەڵک و بێدەنگی کۆمەڵگاکە. کاتێکیش ئەو سەربەخۆیی و ئازادییەی ئێرەم دەبینی ئەوسا هەستم دەکرد چەند ئازادیمان لێ قەدەغە کرابوو.

*کاتە ئازادەکانت بە چ پڕ دەکەیەوە؟

– من سوود لە کاتی ئازادم وەردەگرم و بەفیرۆیان نادەم. بۆ وێنە بە هاتوچۆکردن و گوێگرتن لە گۆرانی کوردی، خەریک بوون بە سپۆرت و خوێنەوەی کتێب کاتەکانم پڕ دەکەمەوە.

* بە بۆچوونی من دیدار گۆڤارێکی لاوانەیە. لاوان لە چالاکی و گرفتەکانی یەکتر ئاگادار دەکاتەوە. ئەم گۆڤارە لای من زۆر پەسندە.

**ناو: لێزمە حەوێز**

**تەمەن: شانزە ساڵ**

**شوێنی لە دایکبوون: کۆیە، باشووری کوردستان**

**شوێنی ژیان: ئوپسالا . سوێد**

**فیلمی پەسندکراو:**

Police story -Maffebröder

**گۆرانیبێژی پەسندکراو: ناسر ڕەزازی (یارەکەم مەلازادەیە) و حەمە جەزا (بەناز گیان)**

**هاوڕێی خۆشەویست: مەهدی، کاک خەلیل و ئارا.**



–من ماوەی سێ ساڵ و نیوە لێرەم و ئێستاش لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بەشی پلانڕێژی خانوودا دەخوێنم.

* کاتێ لێزمە بۆ یەکەم جار سوێدی بینی، ئەم وڵاتەی زۆر بەلاوە سەیر بوو. خۆی دەڵێ: ئارامی و بێدەنگی وڵاتەکەو شێوەی دێموکراسی و ئازادییەکەیم زۆر بەلاوە سەیر بوو. هەڵبەتە نەبوونی سەرباز و چەک لە شەقامەکاندا هێندەی تر سەرنجی رادەکێشام.

– من زۆربەی کاتی ئازادم لە گەڵ هاوڕێکانمدا دەبەمە سەر و لە کاتە دیاریکراوەکانیشدا یاری تێکواندۆ دەکەم.

**dیارە لێزمە حەزێکی تایبەتیشی لە خواردنە!*

–ئەرێ وەڵا من خواردنی کوردیم زۆر پێ خۆشە، بە تایبەتی کەباب، نان و ماستی کوردی هەر مەڵێ، ئەی کفتەکەی بۆ ناڵێیت!

*لێزمە ئاوا باسی دیدار دەکا:* دیدار گۆڤارێکی چالاکە و لاوان خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە، هەڵبەت دەبێ زۆرسوپاسی ئەو هاوڕێیانە بکەم کە گۆڤارەکە بەڕێوە دەبەن.

– من گۆشەی ئاشنایم زێدە لە هەموو بەشەکانی تر بەدڵە.

*کاتێ باسی هیوای گەورەی خۆی دەکا،* دەڵێ: گەورەترین هیوام تەواوکردنی خوێندنە و پێم خۆشە بە بەڵگەنامەیەکی بەرزەوە بگەڕێمەوە وڵات و خزمەتی گەلەکەم بکەم.

– دوا گووتەشم ئەوەیە: با لاوانی کورد لە کۆشش و خوێندنیاندا بەردەوام بن، چونکە هەر خوێندنە دەتوانێ دەردەکانمان دەرمان بکات.

***هەرکەسێک پێی خۆشە بەشداربێت لە بەشی ئاشناییدا دەتوانێت پەیوەندیمان پێوەبکات، دیـــــــــدار.**



www.arsivakurdi.org



# ئێمەین کۆمەڵەی لاوانی ئێسکلیستونە!

*کۆمەڵەی لاوانی کورد لەئێسکلیستونە یەکێک بووە لەچالاکترین کۆمەڵەکانی یەکێتی لاوان. لەساڵی ڕابوردوودا بە دەیان چالاکی هەمەجۆر خۆیان نواندوە. چالاکییەکانیش بەم جۆرەی خوارەوە بووە:*

١–لەڕێکەوتی ٩٢/١٢/١٣ تیپێکی هەڵپەڕکێ دروست بوو بەبەشداری ٨ کوڕ و ١٠ کچ. ئەم تیپە پاش دوو مانگ هەڵوەشایەوە بەهۆی هەندێ گیروگرفت. هەرچەندە تیپەکە بەشداری چەند ئاهەنگێکی کرد، وەکو جەژنی لاوان و جەژنی ئافرەتان، هەرلەهەمان کاتدا بڕیاری پێکهێنانی گروپی منداڵانیش درا ، بەڵام کەس ئەمادە نەبوو.

٢– لەڕێکەوتی ٩٢/١٢/٢٦ کۆمیتەی کارگێڕ شەو ئاهەنگێکی بۆ لاوان ڕێکخست و کۆمەڵێک لەئەندامانی کچ کێک و شتی تریان بۆ جەژنەکە دروست کرد.

٣– پێکهێنانی گروپی هەڵپەڕکێی منداڵان کەتەمەنیان"٩ تا ١٠" ساڵ دەبوو، بەیارمەتی دانی مامۆستای هەڵپەڕکێ "مەسعود فەریقی" . لاوەکان جار جار لە بارەگای کۆمەڵە مەشقی خۆیان دەکرد و لە چەند ئاهەنگێکیش بەشداریاکردوە وەکو "Årby festivalen Stöd för Kurdistan"

٤– کۆمیتەی کارگێڕی لاوان بەشداری کۆبونەوەی کۆمیتەی کارگێڕی کۆمەڵەی کولتوری کرد لەساز کردنی یادکردنەوەی کۆماری مهاباد، کە هەردوو هونەرمەندان میکایل و ژیر بەشداریان تێدا کرد.

٥– تیپی هەڵپەڕکێی هەرزەکاران لە ڕێکەوتی ٩ی مارت بە ئامادەبوونی هەشت ئەندامیەوە بەشداری لەجەژنی ئافرەتان کرد.

٦– کۆمیتەی کارگێڕ جەژنێکی بەبۆنەی تەواوبوونی خولی قوتابخانەوە بۆ ئەندامانی سازکرد، بەشداری گۆرانیبێژ ناسری ڕەزازی.

٧–کۆمیتەکە بەشداری خۆپیشاندانێکی دژ بە ڕاسیزم کرد لە مانگی‌یونیدا.

٨– گروپی ژیرو تیپی هەڵپەڕکێ بەناوی کۆمەڵەی کوردیەوە بەشداریان لە "Årby Festival" کرد.

٩– لە ڕێکەوتی ٩٣/٧/٢٢ سەردانێک لەلایەن " فوراد و خورشید" وە کە نوێنەری لاوانن کرا بۆگفتوگۆکردن لەمەڕ ساردی نێوان لاوان.

١٠– لە ڕێکەوتی ٩٣/٧/٣٠ کۆمیتەکە سەیرانێکی ڕێکخست، بەرنامەشی بۆدانرا، بەڵام باران و بوو بەرنامەکە تێکچوو.

١١– لەڕێکەوتی ٩٣/١٠/٢٣ کۆمیتەکە جەژنێکی بۆ هەموو کوردەکان سازکرد بەبەشداری هونەرمەندان دەلال، سابیر و خالید. **ئێمەش هیواداریت کۆمەڵەکەتان هێندەی تر چالاکتر بێت، دیدار.**



ئامادەکردنی: تارا مەحمود

www.arsivakurdi.org

تێ بەردەدات و بە پەنگی لای "خاوەن ڕێستۆرانی بێگانە" و کەسانی داوەتکراوی بێگانەی ناو ئاهەنگەکانمان دەکات، ئەو یەقەگرتن و شەڕوشۆڕ وبەیەکداکێشانەیە کەپێم وایە لە دوای چەند "پرۆمیلێک" مەی و بادە وەرگرتن، یان ڕاستتر بڵێم لە دوای چەند فڕێ خواردنەوە، چەندین جارە تووشی ئاهەنگە کوردییەکان دێت و زەوق و سەلیقە و پەسندی دڵی خەڵکی دەکاتە تاریکستان، کە بەداخەوە ئەم جۆرە کردەوە دزێوانە دوورە لە داب و نەریتی شارستانی و هەست بە مرۆڤایەتی کردن. ئیدی زۆریشمان بەلاوە ئاسایی و بگرە زۆریش سانایە کە لە سەر هەندێ ئاخافتن و دەمەتەقەی پڕوپووچ یەکتری بدەینە بەر مشتەکۆڵە و شەپان، بە نیازی نیشاندان و «عەرزی عەزەڵات کردن» لەبەر چاوی خەڵکی، هەر وەک شتێکی گەورەی هونەریمان کردبێ ... کە هەڵبەتە ئەم جۆرە کردەوانە دەبێتە هۆی نیگەرانی و لە زەوقدانی بەشداران و گۆرانیبێژەکان. مەخابن! دواییش شەڕ"کەران" بە فیز و بادی هەوان وەک ئەوەی نە با یان دی بێت و نە باران ! بێ سەمەد بە لارە ملی دێنە سەر مێزی یەکتری ودەستی شەرمەزاری دەنێن بە سنگەوە بۆ سەبوری!

ئێمە وەک دەستەی نووسەرانی دیدار هیواداریین کە سنورێک بۆ ئەم سنورلادانە دابنرێت و چی دیکە دڵی خەڵک و خوای پێ نیگەران نەبێت و بەربەست و بنبڕکرێ. هەر هاوکات پێم خۆشە ئاماژیش بۆ ئەرک و خۆماندووبوونی کارگێڕانی ئەو شەوئاهەنگانە بکەم و ڕۆڵیان لەبەر چاو بگرین و بەپێی توانای خۆمان، ڕێنومایيان بکەین و بەچاوی ڕێزەوە بنواڕینە ئەو دەنگ خۆشانەی بە چریکەیان شەوەکان دەماخ چاخ دەکەن.

دەبا پشتیوانی خۆمان لەبەهێز بوون و بەتەنگەوە چوونی یەکتریدا تۆکمەوچاک ترکەین، ئەگینا وەک دەڵێن ئەنجامی ڕەش بۆ هەمووان دەبێ و جارێکی دیکە بێگانەیش شوێنی ئاهەنگ گێڕیمان پێ ڕەوا نابینن و کورد گووتەنی: بۆ ڕیش چووین و سمێڵیشمان نایە بانی!

من لە کۆتایی ئەم باسەدا هومێدەوارم ئەوانەی لە سنوری ئەم سنورلادانە کوڵەشەدا ماون، بە زوویی دەرچن و بە یەکجاری دەستبەرداری بن. دەنا خۆزیاکەی مامۆستا کاردۆخیان بۆبێتە دی ،کە دەڵێ:

*"ئەوەی دەستی درێژە، جەور ئەکا، وا چاکە پەل پەل بێ*
*کەسێک قاچی، بە خوار دانا، چە خۆشە زوو بە زوو شەل بێ*
*کەسێک هاتوو، تەجاوزکا، نەزانێت، حەددی خۆی کامە*
*هەزار جار گەورە بێ، ئەمجا بزانە، شێتە کەم فامە."*


مژدە، مژدە، مژدە!
فیلمی کارتۆن بەزمانی کوردی.
گا و کیسەڵ
بەکرمانجی سەروو، خواروو لەسەر دوو کاسێتی جیاواز.
یەکەمین بەرهەمی هونەری یەکێتی لاوانی کوردە لەسوێد.
ئەم فیلمە بەیارمەتی دوو هونەر مەندی بەتوانای کارتۆن بە بەرهەم هێندراوە
بارزان شاسوار- ناسری سینا
ناونیشانی کڕینی کاسێت:
Kurdiska ungdomsförbundet
Box 490 82
100 28 Stockholm
SWEDEN
Tel: 08-6528585



Rawand
تۆ کە بەنیازی تەواو کردنی خوێندنی و دەتەوێت لەوڵاتێکی تر بخوێنیت، ئەوا کۆمپانیای ڕەوەند یارمەتیت دەدات لە وەرگرتنت لە هەر بەشێک و لە هەر زانکۆیەک، بەپێی ویست و خواستی خۆت لەتەواوی یەکێتی وڵاتە سەربەخۆکانی "سۆڤێتی جاران" ڕوسیا.
کۆمپانیای ڕەوەند
Tel:021-134210
Fax:021-117521

# ئەگەر کەری پێشکەوت، ژیری دەگەڕێتەوە!

نووسینی: هەڵۆ بێکەس

**خەڵکی** هەر دەڵێن چما ئێمەش وەکو عارەب عەجەم و گرێکی و ئیسپانیایی خاوەنی جێگەی ئاهەنگ سازی و شەوی ژووانی بە یەک گەیشتنی خۆمان نین، تا ئێستاش هیچ مرۆڤێک بیری لە دامەزراندنی یانەیەک(کلوب) نەکردۆتەوە کە ئەم شەوە شادانە بە سەرئەنجام بگەیەنێت... مەبەست لە یانەیەک کە هەموو سەری مانگێک «نەک بنی مانگان» ئاهەنگێک ساز بکا و کام و هەیڤی کوردان بێنێتە دی و لەتەک یەک کۆیان کاتەوە، کە بێگومان «کەیف و زەماوەند» یەکێکە لەو بنەما و بنچینانەی کە دەتوانێ خۆشبەختانە کوردی ئاوارەی ئەم وڵاتە لەگەڵ یەک و لە دەوری یەکدا خڕ بکاتەوە.

دیارە بەدەستی و هەبوویی میللەتانی تری ئاوارەی ناو سوێد بە هۆی گرێدانی خەباتی کولتوری خۆیان بە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکانیانەوە، بێژگە لەوەی کە زۆر لە مێژیشە نیشتەجێ و دامەزراون لێرە و شارەزایی مەیدانەکانی کارن.

ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی کورد وەک هەڵاتووی سیاسی بۆی دروست بووە و بە هۆی دووره وڵاتی و ئاوارەییەوە دەیچێژێ،ئاشکرایە بەربەستێکی سلبی لەژیانی نامۆیماندا سازکردوە. ئیدی هەر بۆیەش ئەو میللەتانەی دی دوور لەم تەنگ و چەڵەمانە توانیویانە خۆیان بۆ خڕکردنەوەی پارە و سامانێکی واتەرخان بکەن کە بتوانن چێشتخانە و باڕ و دیسکۆوکافەتریاو شوێنی گەورەی ئاهەنگ گێڕانی پێ بکڕن.

ئێمەی کورد «هەمیشە» لە خواستنی شتی خەڵکیدا دەستێکی باڵا و ژیرانەمان هەبووە و توانیومانە ئەوجێگایانە بە مەبەستی ئاهەنگ گێڕان و لە یەک نزیک کردنەوەی کوردان، بخوازین و بەکرێیان بگرین ... بگرە چەندین جار ئەو کارە بە هاسانی شیاوی دەست کەوتن بووە. ئیتر چ بە تەنها گۆرانیبێژێک بووبێ یان چەند گۆرانیبێژێک پێکەوە، یان لەم دواییەدا "بەخێر و سلامەت" بە سەرهەڵدانی کۆمەڵێ لاو بە دامەزراندنی "یانە یەک" بە ناوی «یانەی شادی» کە بە گێڕانی چەند ئاهەنگێکی شاد، جێ دەستیان دیارە. من ناخوازم لە کرۆکی ئەم باسە و لە بڕینی ئەم ڕێگایەدا بە هیچ جۆرێک خۆم لە باری هونەری ئاهەنگەکان بدەم کە وەک خۆتان دەزانن ـبە ناشکوری نەبێـلە کەم وکوڕی و پەرژ و بڵاوی و گەڕەلاوەژەیی بێبەری نین.




بەڵام ئەوەی زیاتر هزر و هۆشم رادەچڵەکێنێ، هەست و نەستم دەسوتێنێ و ئاوری شەرمەزاریم



www.asivakurd.org

# ئـــــازاديەكى ڕەنگاوڕەنگ



ئازادی، فیلمە شینەکە
(Frihet, den blå filmen)
یەکسانی، فیلمە سپییەکە
(Jämlikhet,den vita filmen)
برایەتی، فیلمە سوورەکە
(Broderskap, den röda filmen )

ناوی ئەوسێ فیلمەن کە دەرهێنەری بەناوبانگی پۆلۆنی(Kieslowski) لە ماوەی ساڵی١٩٩٣ و ئەمساڵدا لەسەر بیروڕای بنەڕەتی شۆڕشی فەرەنسە لە سەدەی هەژدەیەمدا، بە بەرهەمیان دێنێ.

یەکەم: ئازادی،فیلمە شینەکە، ، باسی سەربەستی لە ڕوانگەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە ناکا. فیلمەکە باسی "ژولیا"یە کە مێرد و منداڵەکەی لە کارەساتێکی ئۆتۆمبیلدا لەناودەچن. ژولیا ناتوانێ هەتاسەر بە خەمی ئەوانەوە بژی، بۆیە بڕیار دەدا کە ژیان لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە، بەڵام سەربەستی ئەو تا چ ڕادەیەکە؟ سەربەستی ئەوەی بتوانێ خۆی لە کۆتی زنجیری هەرچی پێوەندی بە ڕابردوویەوە هەیە، ڕزگار بکات.

ئەو ڕووناکیەی کە ژولیا پێی وایە لە ژیانی دابڕاوە، وەک تیشکێ دەگەڕێتەوە. ئەویش تیشکی

*کارەساتەدڵتەزێنەکە هەموو ژیانی "ژولیا"ی نەهاژاند* وێنە: سلاومیر ئیدزاک

خۆشەویستییەکی نوێیە بە یارمەتی مۆسیقا .ئەم فیلمە خەڵاتی"شێری زێڕی"ی وەک باشترین فیلم و هەروەها" Juliette Binoche" ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی لە فێستیڤاڵی١٩٩٣ی ڤێنیدیکی ئیتالیا پێبەخشرا.

پێناسەی فیلم

ناو: ئازادی، فیلمە شینەکە (Frihet,den blå filmen)
دەرهێنەر: کریستۆف کەیسلۆڤسکی
(Krzysztof Kieslowski)
زمانی فیلم: فەرەنسی
لە بڵاوکراوەکانی: فیلم بە یارمەتی تەلەفزیۆنی سوێد
(Triangel film och Sveriges television)

---

# کەلامێ ژبۆ بەکۆ

بەکۆ لە کوردستانی باکورەوە وەدوای براونبووەکەی دەکەوێ بەرەو کوردستانی باشوور. لەوێش ،هەمان چارە نووس لە ناوچەوانی کورد نوسراوە، ئاوارەیی و دەربەدەری. دەرهێنەری فلیمەکە نەجمەدین ئارچ دەڵێ: ئەم فیلمەم بەبەرهەم هێناوە تاخەڵکانی دونیا زیاتر لە حاڵی ئێمەی کورد بزانن. شوێنی گرتنی فیلمەکە ئەرمەنستانەو سروشتەکەی کوردستان بیر دەخاتەوە، . زمانی فیلمەکە کوردیەکی پاراو ڕەوانە، ئاوازی مۆسیقاکانیش کوردین. هەژدەی مانگی سێ 94.0318 واتە چەند ڕۆژێ پێش نەورۆز نۆبەرەی پیشاندنی ئەم فیلمەیە لە "Folketsbio"" لەستۆکهۆڵم.



*فیلمەکە پڕە لەکارەساتی دڵتەزێن.* *وێنە: توماس ماونج*

www.arsivakurdi.org

# ”من ماریام خۆش دەوێت“

**ماریا** لە گۆشەیەک دانیشتووە و بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە سەیری دایکم دەکا؛ منیش لە حاڵی خۆم بێزارم و نازانم چۆن دایکم تێبگەیەنم کە من خۆم دەبێ لە مەڕ ژیانی خۆمدا بڕیار بدەم. ئەوە دوو ساڵی تەواوە دایکم لێیم نابڕێتەوە:" ڕۆڵە بەسە واز بێنە، تا کەی ئەو کچەتیوەی بە دوای خۆتدا بەم لا و ئەولادا دەگێڕی؟ ئەوانە چوزانن ماڵ و حاڵ چییە، ماوەیەک پێت ڕادەبوێرێ و دوایش بە جێت دێڵێ. بۆ ڕۆڵە کچی کورد قاتە؟ من بە شەرمەوە سەیری ماریا دەکەم و ماریاش بە نیگاکانییەوە دەیەوێ بزانێ چ باسە.

*دایە گیان من ئەم کچەم خۆش دەوێ، ئەویش منی خۆش دەوێ، بۆ تۆ پێت وایە هەر کچی کورددەزانێ خۆشەویستی چییە؟



خۆشەویستی بێ سنوورە. وێنە:ئاری فواد

– ڕۆڵە تۆ چووزانی خۆشەویستی چییە؟ تۆ هێشتا دەرگات بە قوون نەکردۆتەوە، نازانی ژیان و ماڵ و حاڵ چییە. تائێستا من نازانم دەبێ چ جیاوازییەک هەبێت ، ئەگەر من لەگەڵ کچێکی سوێدی یان کورد گوزەران بکەم؟من پێم وایە کلیلی مانەوەی هەر کچ و کوڕێک، خۆشەویستییە. هیچ کەسێکیش ناتوانێت خۆی هەڵ خەڵەتێنێ و ئەو هەستە دروست بکات ئەگەر خۆی دروست نەبێ. خۆ من ناتوانم خۆم ناچار بکەم و هەست بەرانبەر کەسێ دروستکەم کە نیمە، یان کەسێکم خۆش بوێ کە هیچ هەستێکم بەرانبەری نەبێ، لە هەموو شت سەیرتر ئەوەیە کە دایکم خۆی لە دۆزەخێکدا ژیاوە کە پیاو ناتوانێ بیریشی لێ بکاتەوە هەر ئەو دایکەشە باسی دڵداری و بەختەوەری لە گەڵ کوردێکدا دەکا!

من ڕێزم بۆ هەستی دایکم هەیە، تەنیا لە بەر ئەوەی دەزانم دایکم بە لێکدانەوەی خۆی بەختەوەری منی دەوێ، بەڵام سەرەڕای هەموو ڕێزم، فشەم بەم چەشنە بیرکردنەوەیە دێت. ئەوە نییە ئەو هەموو کوڕ و کچە کوردەی پاش دڵداری و خۆشەویستییەکی ئەفسانەیی، دوای چەند مانگ یان ساڵێک یەکتر دەدەنە بەر شەق!

من ناڵێم کە وایە بەختەوەری یانی ژیان لە گەڵ کچێکی بیانی، تەنها دەڵێم: بەختەوەری خێزانی، شتێکی شەخسی و تاکییە بە تۆبزی ڕەنگی کوردایەتی لێ مەدەن. خۆشەویستی لێک گەیشتن وگونجاندنە. هەر بۆیەش ڕەنگ بێ دوو کەس لە ڕەگەزی جیاوازەوە باشتر لێک بگەن تا دوو کورد، یانیش بەپێچەوانەوە. ئەوەش شتێکی ڕوونە و خۆفریودانی گەرەک نییە. باشی کچی کورد لای دایکم ئەوەیە کە: قسە لە قسەی مێردەکەیدا ناکا، دەبێتە ژنی ماڵێ و خەریکی چێشت لێنان و ماڵداری خۆی دەبێت. خۆ دیارە هەموو کچی کورد ئاوا نین و ئەوانیش چاو و گوێیان کراوەتەوە. بەڵام دایکم بۆیە کچی سوێدی خۆش ناوێ چونکە ئەوان دەتوانن قسە لە قسەی مێردەکانیاندا بکەن، یان حەز لە ماچ و لەباوەشکردنی ئەوان ناکات و ئەو کارەی پێ ناحەز و شوورەیی یە، یانیش پێیوایە ، کوڕی ئەو ئەسحابەیە و هەموو کچە سوێدییەکانیش جادووگەرن.دەمەوێ بڵێم ساڵانی لاوێتیی ماوەی کورتە و قەدر و نرخی ئەو هەستە پاکانەتان بزانن، تەنانەت ئەگەر دواترهەستتان کرد بەهەڵەشدا چوون، دیسانیش هەردەبێت ئەو هەست و نەست و خولیایە ڕێزی بگیردرێ و پەشیمان بوونەوەشی هەرگیزناوێ، هەموو دایکان و باوکانی ئێمەش کاتی خۆی هەڵەی لەمانە گەورەتریشیان کردووە، کە وایە ئەوەش جێگای نیگەرانی نییە. ئیتر بۆ دەبێ من شیرینی هەنگوین و تامی میوەکان لە زمان و بە گوێرەی تاقیکردنەوەی دایکم و باوکم تام بکەم؟من ماریام خۆش دەوێ و تەنها کاتێک واز لەیەکتر دێنین کە هەردووکمان بە پێی تاقیکردنەوەی خۆمان درێژەدانی ئەم پێوەندییە بە بێ سوود بزانین! من ئەوم بۆ خۆم خۆش دەوێ نەک بۆ دایکم یان کەسێکی تر، کە وایە من گرفتێکم نییە و ئەوە دایکم یان باوکمە کە گیروگرفتیان هەیە وخۆشیان دەبێ چارەسەری بکەن.

**”دایکم بۆیە کچە سوێدیەکانی خۆشناوێت چونکە ئەوان دەتوانن قسەلەقسەی مێردەکانیاندا بکەن، یان پێی وایە کوڕی ئەو ئەسحابەیەو ئەوانیش هەموو جادوو گەرن“**

**نووسینی: سامان سەلیم**



سەیران ڕۆژانە حەوت کیلۆمەتر مەلە دەکات و فریای خوێندنیش دەکەوێت.

# بەناوی کوردستان "جیهـــــان

بەئەرکی سەرشانی خۆشم دەزانم ڕێگاپیشاندەرو هەندەریان بم لەم بوارەدا، ئیدی هەر بۆیەش زیاتر ڕێنومایان دەکەم بەمەشق کردن لەبواری ئاوژەنیدا ولەناومالْدا نایەڵم قورسای ماڵیان بکەوێتەسەرشان."

*بۆ وەرزشکارێک بەتایبەتی لەتەمەنێکی واناسکدا زۆر پێویستەخواردنی ڕێک و پێکو بەسوود بخوات.

لەم مەبەستەشدا دایکی سەیران خەمخوارێکی دڵسۆز بووە!

-"بێشک، من لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتی خۆیان و بەگوێرەی پێویستی وەرزشەکە خواردنیان بۆلێدەنێم"

* سەیران بەو هیوایەوە دەژی کەلەپاشەڕۆژدا وەک کچە کوردێک ببێتە پاڵەوانی مەلەی جیهان، بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستەش تەنها ڕێگا، مەشقی بەردەوامە.

-بەڵێ من پێم خۆشە ببمە قارەمانی جیهان، هەربۆیە هەموو ڕۆژێک دوای قوتابخانە نزیکەی حەوت کیلۆمەتر مەلە دەکەم.

*ئەدی ئەگەر پێت بگووترێ تۆ کچیت و مافی مەلە کردنت نییە، چ دەکەی؟

– نازانم ... زۆری پێ تێکدەچم، بەڵام پێموانیە کەس شتێکی ئاوا بڵێ و دەزانم باوکم هەر دەم ڕێگام پێ دەدا.

*سەیران دژی خواستی ئەو دایک و باوکانەیە کە تەگەرە دەخەنە بەردەم خواست و ئارەزووی منداڵەکانیان، بەتایبەت لە بواری وەرزشدا، چیان پێ دەڵێی؟

– «نازانم چ بڵێم ...کارێکی زۆر "Dum"ە،(بێ عەقڵ) منداڵەکان کەیفی خۆیانە چیان پێ خۆش بێ، پێویستە بۆیان هەبێ ئەو کارە ئەنجام بدەن. بەڕاستی پێم وایە تەگەرە خستنە بەر ڕێگای وەرزش کردنی منداڵەکان کارێکی ماقوڵ نییە، سپۆرت شتێکی بە سوودە بۆ لەش.»

* ئەم ئاوژەنە بۆتە هاندەرێک لە نێوان منداڵانی کوردی ناوچەکەی خۆیان و تائێستا توانیوێتی هەشت منداڵی کوردی دیکە بێنێتە نێو جیهانی ئاوژەنییەوە.

سەیران پاش وەرگرتنی میدالیای زێڕی «Sumsim» ئێستا خەریکی خۆئامادە کردنە بۆ پاڵەوانێتی وڵاتانی باکووری ئەورووپا «Nordisk Mästerskap». ئێمەش پربەدڵ هیوای سەرکەوتنی گەورەتری بۆ دەخوازین و بە هیوای دیداری نموونەی تری وەک سەیرانین.

**دیـــــــــــدار.**



باوکەکان کارێکی نابەجێ دەکە کە ڕێگا لەمنداڵەکانیان دەگرن، لەبواری وەرزشدا. سەیران دەڵێ.

www.arsivakurdi.org

ناو: سەیران زەمانی
تەمەن وشوێنی لەدایک بوون: ١٣ ساڵ، سنە
خوێندن: پێنجی سەرەتایی
کاتی ئازاد: مەلە کردن
گۆرانیبێژ: ناسری ڕەزازی و شوان پەروەر
دواجار کە گریایت: ٢٨/١١-٩٣ کاتێ تەنیا دوو مەدالیام وەرگرت.
ئاوات: ببمە قارەمانی مەلەی جیهان
پیشەی دواڕۆژ: پارێزەر
زمان: کوردی، سوێدی، ئینگلیزی
خۆشترین بیرەوەری ژیان: ئەو کاتەی بوو مە قارەمانی سوێد.



مەلەو کۆشش پێناسەی ژیانی "سەیران زەمانی"یە.

وێنەکان: ئاری فواد

# "من دەمەوێ ببمە قارەمانی

*هەردوێنێ بوو دوور لە چاوی کوردستان لە وڵاتی نامۆیی و لە پایتەختی مەلە و بەفردا، ئێمەش شۆخێکی دوانزە ساڵانەمان بە ناوی "سەیران زەمانی" هات و زەمانێکی نوێتری لە جیهانی مەلەدا خوڵقاند و بە هیوایەکی گەش و بە تاسەیەکی بە شەوقەوە مەدالیایەکی دیکەی زێڕینی وەدەست هێنا و دەست لە ملانی بوو. سەیران زەمانی تەمەنی تەنها دوانزە ساڵ بوو کە بوو بە خاوەنی مەدالیای زێڕینی پاڵەوانێتی مەلەی پەروانەی ساڵی ١٩٩٢ لە سەرانسەری وڵاتی سوێدا. ئێستا ئەم شۆخە بەهرە ڕەنگینە خاوەنی ١٤٢ مەدالیای جۆراوجۆرە، ئەوەی شایەنی باسە دوا مەدالیای بەخشییە حوکومەتی هەرێمی کوردستان کە نرخەکەی ٨٫٥٠٠ کرۆنی سوێدی بوو.



*ئەم کچە مەلەوانە خوێن شیرنە تاکە کیژی کورد و بگرە بێگانەشە لە وڵاتی سوێدا توانیویەتی پلەی یەکەم لە بواری ئاوژەنیدا بەدەست بێنێ.

هەڵبەتە جێگەی خۆیەتی ئاماژەیش بۆ ئەرک و کۆششی خێزانەکەی بکرێت لەم بوارەدا، بە تایبەتی سەحەرخانمی خوشکی کە ئێستا فێرکەری یانەیەکی مەلەیە لە ستۆکهۆڵم. دیارە باوکیشی هەردەم پشتگیری کردووە و بەو پەڕی لەخۆبردووییەوە هانی داوە:

-«من پێم وایە باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی منداڵان لە کاری نابەجێ و خراپ بە دوور بن، گرتنە بەری ڕێگەی وەرزشە، هەم بۆ بەرەو پێش بردن و پەروەردە کردنی لەشیان و هەمیش بۆ دوور کەوتنەوەیان لە بێکاری و سووڕانەوەی بێ بەرنامە.»




*ئەی بۆ ئاماژە بۆ کار و پشتگیری دایکی نەکەین:

-«من وەک دایکێ بە پێویستی دەزانم منداڵەکانم وەرزش بکەن.



www.arshiakurdi.org



# بەدەسماڵی سەرچۆپی شینی میللەت دەگێڕێ

**لە** رۆژی ١١ تا ١٢/١-٩٤ یەکێتی لاوان لە شاری ستۆکهۆڵمدا پێشانگایەکی بۆ هونەرمەندی دەست رەنگین کاک «رێبین حەیدەری» کردەوە. پێشانگاکە رەنگدانەوەیەک بوو لە دەربڕینی نەتەوەکەمان و بە زمانێکی زۆر چڕی هونەری دەدوا. ئاستی هونەری تابلۆکان لە لوتکەی بەرزی هونەری دەدا و بۆ ساتێکی کەم سەفەرێکی دڵتەزێنی کوردستانی بە میوانی پێشانگاکە دەکرد.

تابلۆکان هیندەی تر شیرین و رەنگین تر دەبوون کاتێ کاک رێبین خۆی شی دەکردنەوە و پەنجەی بۆ بۆ ئەو وردەکارییانە درێژ دەکرد کە هەموو بینەرێک نەیدەبینی.

هەندێک لە تابلۆکان هاوار و دەنگی دەهۆڵیان لێ دەهات و سەرچۆپیان دەکێشا بۆ دەربڕینی زامەکانی گەلەکەمان. «هەڵپەڕکێ دوا سنوری خۆشی و شادییە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا. هەر لەو رێیەوە دەمەوێ شین و خەمی چەوساوەکانی نەتەوەکەم دەربڕم.»

هونەرمەند رێبین حەیدەری خەڵکی شاری "بۆکان"، شاری بووکی رازاوەی موکریانە و لە ساڵی ١٩٦٨ بە دیداری ژیان گەیشتووە. ئێمەش هیوای سەرفرازی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، دیـــــــــدار.



*تەنها ساڵ ونیوێکە لە سوێدە، فریای دوو پیشانگاکەوتوە.* *وێنە: ئاکۆ*

---

## پاشماوەی: وەرن بۆ ئەوروپا، لێرە هەڵڕژاوە$!

زانکۆیەک کە لەوە پێش ڕێبواری بووی. لەوە هەر مەپرسە کە چۆن دەتوانیت هاوڕێیەک پەیدا بکەیت ئەگەر شارەزایی زمان و کولتوور و چۆنییەتی بیرکردنەوەی ئەوانت نەبێ. لە لایەکی دیکە ئێستا بێکاری تەنگی بە خەڵکی خۆیان هەڵچنیوە، چ دەگا بە ئێمەی پەنابەر. هەر ئەوەش ئێمرۆ بارێکی سەختی خۆڵقاندووە و بۆتە سەرچاوەیەکی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی دزی و تاوانەکانی دیکە لە کۆمەڵگادا.

جا بەم هەلومەرجە خۆت بیری لێبکەوە و بزانە ئێرە ئەو بەهەشتە خەیاڵییەیە کە ملی ڕێگای بۆ بگری و کۆچی بە کۆمەڵی بۆ بکەی؟ بۆ ئەوەی لە جەوهەر و ناوەڕۆکی باسەکە دانەبڕین پرسیارێک لێرە مل قوت دەکاتەوە: ئەی تۆ بۆ لە ئەوروپای؟ لەوەرامیشدا دەڵێم:

من هاتم، ئەوە ناگەیەنێ تۆیش بێیت، من هاتم مانای ئەوە نییەکە ئێستا من لێرە ئاسودەم، کە لێرەش ژیام ئەوە ناگەیەنێت دەمم داخەم و هیچ نەڵێم، باوەڕیش ناکەم زیانی تۆم بوێت. پاشان ئەو سەردەمەی کە من پەرەوازە بووم، بە ویستی دوژمن بوو نەک ئارەزووی خۆم. ئەو سەردەمە سەردەمی ڕاونانی بە زۆر و بەژەهرڕشاندنەوەی شاخ و دەشت بوو. سەردەمی خەساندنی بیری ئازادی و قەڵەمی مەرد بوو. سەردەمی گەرمەی شەڕی براکوژی، ئازار و هاواری بێ هیوایی هێزە سیاسییەکان بوو. ژیان دوو ڕوویی بوو، ڕاستیش ڕاکردن. پاش چەند ساڵێکیش لێرە ژیان بەسەر بردن، پیاو لە هەر دوو جەژنەکە دەبێت، من نامۆم چ لێرە و چ لە وڵاتیش. ئینجا تۆ بۆ وەک منت لێبێت؟

ئێستا من جیاوازیم لەگەڵ تۆدا ئەوەیە کە من قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانم لێرە بڕیوە و خۆگونجاندن و تێکەڵاوبوون بۆ من هاسانترە لە تۆ. بەڵام هەر کاتێ هەستم کرد شتێ فێربووم و ویژدانم ڕێگەم پێ بدات بۆ دروستکردن و بیناکردنەوەی وڵاتەکەم، بێ شک دەگەڕێمەوە.

## ئەی تۆ کێوە دەچی؟

www.arsivakurdi.org



ئەوروپا زیندانێکی ئازادە بۆ من و تۆ..  وێنە: ئاری فواد

# وەرن بۆ ئەوروپا، لێرە هەڵڕژاوە$!

نووسینی: ساکۆ.ب

**ئەوروپا** خۆشی و ڕابواردن، شادی و شایی، گەشت و گوزار، "گەڵای سەوز"ی هەڵڕژاو، دوا مۆدێلی ئۆتۆمۆبیلی بریقەدار، نوێترین مۆدێلی قژی دیکی بڕاو و پانتۆڵی چەرمی بریسکەدار، حەوزی مەلە و کچی ڕووتی بەرهەتاو، "کەپووچینۆ و کافتریای بە ئاسمانەوە هەڵواسراو، بیرە و باڕ، دیسکۆ و کچی مەست، سەمای جاکسۆنی وقەوانی "برەیەک" دانس، ! ئەمانە پێناسەیەکی بەپەلە و مشتێ لە خەروار و قەترەیەک لە زەریای ژیانی ئەوروپا بوون.

ئێستاش بەردەوام پێناسەکە هەر لەو چوارچێوە سنوردار و تەسکەدا بەند و قەتیس ماوە. بگرە هێندەی تریش لەبەر دڵان شیرنتر و لەبەر چاوان ڕەنگینتر بووە. لە جیهانی سێیەمدا، نموونەشمان کوردستان، بەتایبەتی "باشووری کوردستان"، تاکە پەنجەرەیەکمان بۆ ڕوانین و ناسین و تێگەیشتن لە ژیانی ئەوروپا شکببردایە، تەنها ئەو فیلمە بازاڕی و تجاریانە بوون کە لە شاشە هەڵخەڵەتاوەکانی تەلەفزیۆن و سەرپەردە ڕووزەردەکانی سینەماکاندا بۆ فریودانی خەڵکی پێشان دەدران. یان بە گەڕانەوەی هەندێ لەوانەی بە ڕێکەوت دەهاتن بۆ بەناو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی(جاران) و ئێستای وێرانە خاک. بۆ ماوەی هەفتەیەک یان دووان، لە شوێنە باڵا کلاسەکاندا ڕایاندەبوارد و ئەوروپایان لێکردبووینە بەهەشت. ئیتر دوای بینینی هەر فیلمێکیش پیاو بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە و ئاواتی دەخواست خۆی بگەیەنێتە ئەو بەهەشتی سەرزەمینە.

لەم پانزە ساڵەی دواییشدا هەزاران کورد ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکایی بوون و ئێستاش ئەوا لەم بەهەشتە خەیاڵییەدا دەژین. جێگەی خۆیەتی ئاماژەیش بۆ هەندێک لەوانە بکەین کە بوونەتە مایەی فریودانی هەزاران لاو و ژن و مێرد و خێزانی کورد. (بە تایبەت لە باشووری کوردستان) بە هاندانێک کە دوورە لە واقیعی ژیانی ئەوروپا و تەنها حەزی خۆ هەڵکێشانی هەرزەکارانە و دوو ڕوویی و درۆی گەورەی پێوە دیارە.

بەڵێ ئەوروپا بەهەشتە! بۆ ئەو کەسانەی پەروەردەی فیکری و فیزیکی ئەم بەهەشتەن، نەک بۆ من و تۆیەکی نەگبەت کە بە ڕێکەوت هاتووینەتە ئەم بەهەشتە و تاسەر ئێسقان نامۆیە پێما،ن. بۆ من و تۆ ئەوروپا زیندانێکی گەورە و ئازادە! دیارە ناکرێ نەگووترێ ئەوروپا چاوگەیەکی گەورەی پێشکەوتن و شارستانییەتی مۆدێرنە لەم جیهانە بەرینەدا، مرۆڤی کارامە و پڕ وزە دەتوانێت پێش بکەوێت و خۆی پەروەردە بکات و سوود لە مەبەستەکانی ژیان وەرگرێ و بە دیداری ئامانجەکانی شاد بێت. قسە. لەوە دایە چۆن و بە چ نیازێک دەتەوێ لە ئەوروپادا بژی. لێرە ئازادی تا سنورێکی نادیار باسکی لێ هەڵماڵیوە و هاوتەریبی ژیانی خەڵکیە. بەڵام بە قەدەر باڵای ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیا خەیاڵییە، هێندەش بە پێچەوانەوە دیاردەی ڕەگەز و نەژادپەرستی و جیاوازی ڕەنگی قژ و پێست دواکەوتووە.

ئەگەرچی ئەوان بۆ بنبڕکردن و نەهێشتنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانە لە هەوڵ دان، بەڵام وادیارە چارەسەری ئەم نەخۆشیانە هێندە ئاسان نین و بگرە لەم دواییانەدا خەریکە پەل و پۆدارتریش دەبن. تا ئێستا زۆر کەس پێیان وایە هەر بە گەیشتنە ئەوروپا، گرفت و تەنگوچەڵەمە شەخسییەکانیان چارەسەر دەبێ. کەچی هەر پاش چەند ساڵێک گرفتەکان سەر هەڵدەدەنەوە و ژیانی ئەو مرۆڤە دەکێڵن. ئەمجارەیان نە مێرد نازی ژن هەڵدەگرێ و، نە کچ باوک دەناسێ و نە خوشک کێش بۆ برا دادەنێ. کورد و کرمانجی تا ڕادەیەک لێرە خێزان شیرازەی لەبەر یەک هەڵدەوەشێ. هەرچەند لێرە بارێکی ڕەخساو هەیە بۆ کەسێ بیەوێ، دەتوانێ کەڵکێکی زۆری لێوەرگرێ، بەڵام گرفتە سەرەتاییەکان بۆ کوردێکی تازە گەیشتوو هێندە زۆرن بەجۆرێک ژیانی لێ تێک دەئالۆزکێنێت "وەکو کلافەیەک دەزوو" بۆ نموونە لە بواری خوێندندا جگە لە زمان فێربوون، دەبێت لە دواناوەندییەوە دەست پێبکەیتەوە و هەنگاوی تازە بهاوێژیتەوە بۆ



www.arsivakurdi.org

# دواڕۆژی یەکێتیی لاوان لەدەستی ئێوەدایە!

**یەکێتی** لاوانی کورد ـ سوێد بەرەو کۆنگرەی حەوتەمی خۆی دەڕوا و بۆیەش پێویستە جارێکی دیکە چاوێ بەسەر بارودۆخی ئەم ڕێکخراوە و دواڕۆژیدا بخشێنین. دیارە ئێمە لە ژمارەی ڕابردوودا کورتە باسێکمان سەبارەت بە گرفت و کەموکوڕییەکانی یەکێتیی لاوان هەبوو، کە پێویست ناکا دووبارە ئەو بابەتە دووپات کەینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی نوێنەرانی کۆنگرە زانیارییەکی باشتریان سەبارەت بە ڕیشەکانی ئەو کەموکوڕیانە هەبێ تا بتوانین لە داهاتووی کار و چالاکییەکانیاندا خۆ لەم گرفتانە بپارێزن، ئێمە پەنجە بۆ چەند گرفتێک ڕادەکێشین.

یەکێتیی لاوان هەر وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، ڕێکخراوێکە کە ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵە و بەشەکانی لاوانی لە سوێد بەئەستۆوەیە. واتە یەکێتیی لاوان ناوەندی ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵانەیە و هەوڵ دەدا تا لە گەڵ ئەو شارانەی بەشی لاوانی تێدایە پێوەندییەکی تۆکمە ببەستێ. لەو شوێنانەش کە نەکراوە بەشی لاوان پێک بێ، هەوڵی پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوانە بدا. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ ئاڵقەیەکی پێوەندی بێ لە نێوان لاوانی کورد و ڕێکخاوە میری و دیموکاتییەکانی دیکە سوێدی و بیانی کە سوێد یانیش لە دەرەوەی سوێد چالاکیان هەیە. بە واتەیەکی تر، یەکێتیی لاوان هەم ناوەندێکە بۆ ئۆرگانیزە کردنی ئەو ڕێکخراوانە وهەمیش پردێکی پێوەندییە لە نێوان لاوانی کورد لە لایەک و لە نێوان ئەوان و لاوانی بیانی و دامودەزگاکانی میری لە لایەکی دیکەوە.

بۆ ڕاپەڕاندن و بەجێگەیاندنی ئەوکارانەش وزە و توانایەک پێویستە کە جیا لە کات، پێویستی بە کادێری لێهاتوو و کارزانیش هەیە. گەورەترین کەموکوڕی ئێمە نەبوونی ئەو کادرانە بوون. ئەو کەسانەی کە بە دڵسۆزیشەوە شانیان وەبەر کارەکان داوە، بەداخەوە خۆیان زۆر جاران بە هەڵە لە ئەرک و کارەکانی یەکێتیی لاوان تێدەگەن. خاڵێکی گرینگی دیکە کە ئەوساڵ بووە هۆی تێکچوونی بارودۆخی یەکێتیی، مەسەلەی لە یەکتر تێگەیشتن و نەسازانی ئەو کەسانەی بە یەکەوە و لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا کار دەکەن. ئەگەر بمەوێ بە ئاشکرا بڵێم: هەندێ بۆچوونی شەخسی خۆیان پێ لە بەرژەوەندی یەکێتیی لاوان گرینگترە. بۆیەش هەموو جارێک پاش چەند مانگێک، لە دە دوانزە کەسی کۆمیتەکان، تەنها سێ چوار کەس دەمێننەوە و ئەوانی تر واز لە کار دێنن.

بەتایبەتی مەسەلەیەک کە هەموو ساڵێ زەق بۆتەوە ئەوەیە کە زۆر کەس پێیان وایە ئەوە ئەرکی یەکێتیی لاوانە کە ببێتە ڕێکخەری جەژن و شەواهەنگ و ...، لە حاڵێکدا ئەگەر یەکێتیی لاوان توانا نیوەچڵەکەی بۆ ئەم چالاکییانە تەرخان بکات، ناتوانێ لە بوارەکانی دیکەدا (کە ئەرکە سەرەکییەکانیشی ئەوانن)، چالاک بێ. تەنانەت خۆ ماندووکردنی بەم کارانە دەبێتە هۆی سستی و پاسیف بوونی بەشەکانی لاوان ولە کۆتاییشدا یەکێتیی لاوان لە بری ئەوەی ناوەندی ڕێکخستن بێ، دەبێتە قاوەخانە و هۆڵی یاری و ئاخافتنی لاوان.

مان و درێژەی چالاکییەکانی یەکێتی لاوان پێوەندییەکی گرینگی بە بەڕێوەبەرایەتی ئەو یەکێتییەوە هەیە، بۆیەش هە لە ئێستاوە پێویستە هەموو بەشەکانی لاوان بیر لەم گرفتانە بکەنەوە و هەوڵ بدەن بە بەشداری چالاکانە و جیدی خۆیانەوە، کەسانێکی شیاو بۆ کۆمیتەی کارگێڕی ئەمساڵ هەڵبژێرن.

بۆ هەموو ئێمەی لاوانی کوردی پەنابەر، بوونی ڕێکخراوێکی لاوان، دەتوانێ سەرچاوەی گەلێ گۆڕانکاری و خزمەت بێ. لەم کۆمەڵگایەی ئێمە تێیدا دەژین بێکاری، نەبوونی پێوەندی پێویست لە گەڵ یەکتری، کێشەی پاراستنی پێناسەی نەتەوایەتیمان، پاراستن و فێربوونی کولتوور و داب و نەریتی کوردی، خستنە بەرچاوی گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بۆ بەر دەم کاوانی کورد، ئاگادارکردنەوە و سازکردنی پردێک بۆ پێوەندی لە نێوان لاوانی کوردی ئێرە و لاوانی کوردی وڵات و .... مانی یەکێتیی لاوان گەلێ پێویستە. سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەو ڕێکخراوەش، سەکەوتنی ئێوەی لاوی کوردە. لەم ڕەوتەشدا ئێوەن کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

*شاهۆ خزری*

*بەرپرسی یەکێتیی لاوانی کورد ـ سوێد*

# پێشکەوتن ملکەچی هێزی لاوانە

**لاوان** توێژێکی چالاکی کۆمەڵگا پێک دێنن و ڕۆڵێکی سەرەکیان لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە. هەر دەسەڵاتێکیش لە پێناوی مسۆگەر کردنی ئێستا و داهاتووی خۆیدا، بە ناچاری گرنگییەکی تایبەتی بەم توێژە دەدات و لە وزە و توانست و هێزیان کەڵک وەردەگرێ.

چەند هۆکارێک لە وانە پەرەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیا، وای کردووە خەڵکی بە گشتی مەیلی بەشداربوونیان لە دەستنیشانکردنی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵدا کەمتر بێتەوە. یەکێک لە گرفتە هاوبەشەکانی وڵاتانی ئەورووپایی (لەوانە سوێد) ئەوەیە کە لاوان بە گوێرەی پێویست شان نادەنە بەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم دیاردەیە بەر لە هەموو شتێ ئەوە دەگەیەنێ کە لاوان چاوپۆشی لە وەدەست هێنانی مافی خۆیان و لە دیاریکردنی پاشەڕۆژیاندا دەکەن. لێرە لە سوێد، سیاسەتمەدار، کۆمەڵناس و پسپۆڕانی دیکە، ئەم خەم ساردی و گوێ پێنەدانەی لاوانیان بە گەرمی گرتووە و لە ڕێی مێدیاشەوە، ناوە ناوە، ئاخافتن و نووسین و مشتومڕی لەسەر پێشکەش دەکەن. لاوانی کوردیش کە لێرە دەژین دووچاری هەمان نیگەرانی بوون. وێڕای هەبوونی هەلومەرج و دەرفەتی بەشداریکردنیان، کەچی بەداخەوە، کۆشش و بوونیان لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە دێموکراسییەکاندا، لاوازە. ئەمەش وای کردووە کاریگەرێتی فانتازیا، ئادیبا، ئارەزوو و دیدیان، بگرە تەواوی بیرکردنەوەیان کەمتر لە پرۆسەی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵدا، ڕەنگ بداتەوە و جیهان بینینیان کەمتر هەست پێبکرێ.

هۆیەکی ئەم سستییەی لاوان لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ناتەواویان لە مەبەست و ئامانجی کاری کۆمەڵایەتی. لەوانەشە بارودۆخی تایبەتی قوتابخانە، بەشنەکردنی کات و خەریکبوون بە چالاکی دیکەوە، چەند هۆیەکی دیکەی ئەم سستییە بن. لە هەر بارێکدا ئێمەی لاو، پێویستە و دەتوانین ئەم هەڵکەوتانەی لێرە بۆمان ڕەخساوە، هەم بۆ خۆمان و هەمیش بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەمان ، بقۆزینەوە و ناوی کوردیشی پێ بەرز بکەینەوە.

کاری کۆمەڵایەتی دەشێ شێوە و بواری جۆراوجۆر بگرێتە خۆی، جگە لەوە پرۆسەی کاری دێموکراسییانەی بە کۆمەڵ، دەبێتە مایەی بارهاتنی گەلێ لاوی هۆشیار و شارەزا.

ئێمە کە لێرە لە وڵاتێکی بیانی دەژین، نابێ ئەوە لە بیر بکەین ، کە چارەنووس، ویست و داخوازییەکانمان باشتر لە لایەن خۆمانەوە هەست پێ دەکرێت تا لەلایەن لاوانی سوێدییەوە. بۆیە پێویستە لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵدا، بەشداری کاری دێموکراسییانە بکەین و بیروبۆچوونی خۆمان بدۆزینەوە و پەنجەرەیەکیش لە سەر بیروڕای خەڵکی دیکە بکەینەوە، پێویستە، گەلێکیش پێویستە لە ڕێکخراوە دیموکراتییە کۆمەڵایەتییەکاندا، زیاتر چالاک بین.



**سەرنووسەر**

www.arsivakurdi.org

**دیدار**

ژمارە ٩ی فیبرواریی "ڕێبەندانی" ١٩٩٤

یەکێتی لاوانی کورد ـ سوێد

Ansvarigutgivare:
Shaho Khizri
Chefredaktör:
Ako Nejmeddin

خاوەن ئیمتیاز: شاهۆ خزری

سەرنووسەر: ئاکۆ نەجمەدین

دەستەی نووسەران:

کوێستان ئامێدی - هەڵۆ بێکەس - نەشمیل ئارام - ئالان میلانی- مژدە - ئاتیا باتتی- دانا توانا - مەحمود مەرگەوەری - چۆمان هەردی - مەحەمەد حاجی - مام باپیر.

فۆتۆگراف: ئاری فواد

"دیدار" شوێنێکە بۆ ڕەنگدانەوە و بلاو کردنەوەی بیرو رای لاوان. ئەم گۆڤارە لە لایەن یەکێتی لاوانەوە شەش ژمارەی لەساڵدا لێدەردەچێ.

دیدار مافی پێداچوونەوەو گۆرانکاری زمانەوانی بەخۆی دەدات.

نرخی ئابوونەی ساڵانە بەمجۆرەیە:

| | |
|---|---|
| بۆ لاوان | ١٢٠ کرۆن |
| بۆ گەوران | ١٨٠ کرون |
| بۆ دام و دەزگای دەوڵەتی | ٢٠٠ کرۆن |
| بۆ وڵاتانی تر | ٢٠٠ کرۆن |
| دانەی | ٢٥ کرۆن |

DIDAR
Box:490 82
100 28 Stockholm
SWEDEN
Tel: 08- 652 85 85
Fax: 08- 650 21 20
Postgiro: 644 78 00 - 1

ISSN. 1102 - 9005

# لەم ژمارەیەدا



ئەردەشـــیر، یاری سەنتور و زەبەردەست، ی ژەنینـــــــــی:

*" مۆسیقای کوردی هێندە دەوڵەمەندە کە پێویست ناکات، گۆرانیبێژەکان مۆسیقای میللەتانی تربهێنن و بیکەن بە کوردی".*

لاپەڕە ٣٩



سەیران زەمانی جارێکی تر سەری بەرز کردینەوە لەهەندەران!. ئەم شۆخە بەهرە ڕەنگینە خاوەنی ١٤٢ مادالیای جۆراو جۆرەو تەنها وەک پاڵەوانی مەلەی سەرانسەری وڵاتی سوێد ڕازی نییە!

*"من دەمەوێ بە ناوی کوردستان ببمە قارەمانی جیهان".*

لاپەڕە ٥٧



سێکس باسێکی گرینگ، بەڵام بفە!.

لاوان بۆ بەزاندنی ئەم سنورە هەر لەهەوڵی بەردەوامی خۆیاندان. ئەمجارەیان کێژێک دەرگای باسەکە ئاواڵا دەکاتەوە:

*"ئەرکی ئێمەیە کە باس لەم گرفتەبکەین ، تا لاوانیش باسی ئەم شتانە بەمافی خۆیان بزانن و بەسغڵەت نەڕوانن داب ونەریت و کولتووری کوردەواری".*

لاپەڕە ٤٥

# لەژمارەی داهاتوودا





پێکەوتن لەگەڵ گۆرانیبێژی دەنگ زوڵاڵ: **دەلال**.

* ڕیپۆرتاژێکی فراوان: "باوکان داماوی دەستی گرفتی منداڵەکانیانن".
* دیاردەیەکی نوێی تری لاوان: سەدان لاوی کورد، سوێد بەجێدەهێڵن و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەنە هەوارگەی نوێ. " خۆیان باسی لێدەکەن".

وێنەی بەرگی ٤: تێ رامان، ئەدیەل مەنسور فۆتۆ: ئاری فواد



www.arshivkurd.org




سەیران زەمانی پاڵەوانی مەلەی سوێد
1994

وێنە: ئاری فواد

www.arsivakurdi.org

# دیدار

ژمارە ٩ی فێبرواریی "ڕێبەندانی" ١٩٩٤

